# جولانەوەی سالەکانی 1968/1967 وسولەیمانی موعینی



**سولەیمان موعینی (فایق)**

نوسین و ئامادەکردن سیامەند موعینی

## لەجیاتی پێشەکی !

لە ئەدەبیاتی شۆڕشگەری دا، ڕستەی بە ناوبانگی(ڕابوردوو چرای ڕوناکیدەری داهاتوو)یە، ئەگەرچی بۆ ساکاران ڕستەیەکی ساکار دێتە بەرچاو، بەڵام بۆ کۆمەڵگەی چاوکراوەی خاوەن ئەرشیف و ئەزمون ، چەشنی کلیلی دەرگای مێژووی کۆمەڵگەکە دێتە هەژمار. دوو وشەی(ئەرشیف) و (ئەزمون)، برای بربڕەی پشتی یەکن و، بە جووتە هەر ئەو واتا و مانایە دەبەخشن کە ڕستەی بەناوبانگی ئاماژە پێکراو خاوەنێتی.
ئەگەر بڵێم لە نێو ڕێکخراوە کوردییەکاندا (ئەرشیف)ی سیاسی نییە، قسەیەکی نابەهەقم گوتووە. لە کوردەواریدا حیزب و تاقم و دەستە نییە، کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە، لە بەشی نهێنیی سازمانی دا، ئەرشیڤۆکی خۆی دانەمەزراندبێت. بەڵام ئەگەر تووشی ڕەشبینی نەبووبم، دەبی بڵێم، بابەتی هەرە گرنگ و بەرچاوی ڕاگیراو لە ئەرشیڤە سیاسییەکانی تاقمە شۆڕشگەرەکانی کوردی دا، بریتی بووە و بریتین لە کۆمەڵە ڕاپۆرتێک دەربارەی خاڵە نەگەتیڤەکانی هێزە سیاسییەکانی هاوشانی خۆیان؛ یان بە تایبەت دەربارەی ئەم و ئەوێک ، کە ئەو ئەم و ئەوانە لە ڕوانگەی دەزگا سیاسییەکانەوە بە (لادەر) ، (ناحەز) و (دژبەر) ناسراون. خۆ ئەگەر سەرجەم ئەو لادەر و ناحەز و دژبەرانە بخرێنە بەر ڕوناکی و، دەفتەری کرداریان بەچاوی ئینسافەوە بخوێندرێتەوە، گەلێک بە زەحمەت و زۆر بەدەگمەن هەڵدەکەوێ کە(جاشێکی) ڕوو ڕەشیان دەناو دابێت!! زۆربەی هەرە زۆری ئەوان، کەسانی خاوەن هەڵوێستن، کە هەڵوێستەکانیان دەگەڵ کردەوە و هەڵوێست و بیر و بۆچوونی سەرکردایەتییەکان یەکتر ناخوێننەوە.
ئەرشیڤی وەتۆ و زەینییەتی وەلۆ، قەت قەت هیچ کراسێکی دەبەر هیچ هەتیوێکی رووت و قوتی کورد نەکردووە و هەرگیز هیچ بەردێک لەسەر هیچ دارێک وەلا نابات، بگرە بەردەوام توخم و تۆوی دایک گەرای گەندەڵیی سیاسی زۆرتر دەگوڕێنێت و ماڵی کوردی زیاتر پێ کاول دەکرێت.
لە گۆڕەپانی سیاسەتی حیزبایەتی کوردی دا هەل هەڵکەوتووە کە حیزبێک تووشی قەیرانێکی سیاسی دا هاتبێت و لە ئاکامدا چەندێک لە کادری ڕێبەرایەتی و بەشێک لە بەدەنەی تەشکیلاتی حیزبەکە، لە سەر دۆخ و خەتی سیاسەتی پێشێن و تەنانەت هەر بە هەمان ناو، سەریان هەڵدابێتەوە و خەباتیان دەست پێکردبێتەوە. نموونەی ڕووداوی ئەوتۆیی، هەتا حەز بکەی لە کوردستاندا زۆر و زەبەنن و، لێرەدا من نموونەیەکی مێژووی ئەم سەردەمە، کە بەداخەوە زۆر بە دانستە بەردی گرانی فەرامۆشی لەسەر داندراوە و بە دەستی زۆر لەبیر بردراوەتەوە، دەیخەمەوە بەر ڕوناکایی دیدی سیاسیکارانی کوردی.
هەڵگرانی بیری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، ئەگەر هەڵە نەبم، هەر دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کوردستان، بە ناچاری و بۆ خۆ پاراستن، ڕێی دەرەوەیان گرتەبەر و لە مەنفا و لە دەربەدەریدا، بە خۆڕاگری و بەردەوامبوون لەسەر سەودای پیرۆز، نەیان هێشت گڕ و گەرمای بیری حیزبی ناوبراو دابمرکێت و لەبیر بچێتەوە. ئەوان، لە دیوی گەرمێنەوە بە نووسینی شەونامەی نهێنی، لە دەرەوە لە ڕێی ڕادیۆ (پەیکی ئێران)، یان بە هەوڵ و خەباتی چەند کەسێکی خوێن گەرمی ئوروپانشین و دەرکردنی ڕۆژنامەی کوردستان، ئەرکی ڕاگرتنی ناو و ناسنامەی حیزبی ناوبراویان بەجێ گەیاند.
کودەتاکەی عەبدولکەریم قاسم(1965) لە عێراق و ڕووخانی سیستەمی پاشایەتی و گۆڕکردنی پەیمانی بەغدا، ئەنگوتنی کازیوەیەکی دڵخۆشکەری دیموکراسی لێکەوتەوە. لە بەرەکەتی ئەو چەند شەو و ڕۆژە دیموکراسییە دا، هەلێک بۆ تازەکردنەوەی پشووی ئازادی سیاسی هەڵکەوت و گەڕانەوەی بارزانی بۆ کوردستان و ڕەخسانی بواری چالاکیی سیاسیی کوردی، دەرفەتە زێڕینەیەک بوو بۆ ئەندام و لایەنگرانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران و لە هەموو لایەکەوە بۆی چوون.
بەڵام زۆری نەخایاند، ئەمپریالیزم لە هەموو لایەکەوە بۆ ڕووشاندن و ڕووخاندنی حکومەتی نیوە دیموکراتیکی عەبدولکەریم قاسم، داری خستە بەر ڕەوتی ڕەوەڕەوی دیموکراسی و کەش و هەوای دیمۆکراسی گۆڕا و شەڕی نێوان کورد و بەغدا دەستی پێکرد.
شۆڕشی تازە پێگرتووی کوردستان، لە ژێر کارکردی کەسایەتیی بارزانی ـ نەک پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ـ زۆری نەخایاند کە وەک بزووتنەوەیەکی میللی و جەماوەری ، بەشێکی یەکجار

زۆری لە زەحمەتکێشانی گوندەکانی کوردستانی بەرەو خۆی ڕاکێشا. بزوتنەوەی جەماوەریی کوردستان ئەگەرچی خاوەنی مەکتەبی سیاسی بوو و زۆربەی ئەندامانی ئەو مەکتەبە ڕوناکبیرانی وردە بورژوای شارەیی بوون، بەڵام چونکە دەق و ڕاستە تەختەی شۆڕشی کوردستان عەشیرەتی بوو، هەر بۆیە شێوەی بەڕێوەچوونی شۆڕشەکە خسڵەتی عەشیرەتی وەرگرت. ساڵی (1964)، لە پەیوەندیی کۆمەڵە ئاستەنگ و لەمپەرێکی کە لە نێوان دوو چەشنە بیری بەڕێوەبردنی شۆڕش هاتە ئاراوە، پۆلێک لە ئەندامانی دەفتەری سیاسی دژ بە سەرکردایەتیی شۆڕش ڕاوەستان و لە ئاکامدا جیابوونەوەی دوو باڵی تاڵەبانی و بارزانی ، شۆڕشەکەی لەت کرد.
هەر لە ژێر کارتێکەریی ڕوودانی لەتبوونی شۆڕشی کوردستانی عێراق، ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانیش تووشی قەیران هاتن و لە کۆنگرەی دووەمی حیزب، کە لە گوندی (سونێ)ی باشوور کوردستانی دا بەسترا، شادرەوان عەبدوڵڵای ئیساقی(ئەحمەد تەوفیق) ، سەرۆکایەتیی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی گرتە دەست. دەستەیەک لە تێکۆشەرانی تری حیزب، کە سەربەخۆ مانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستانیان بە بنەڕەتی تێکۆشان دەزانی، لە جەماعەتی ئەحمەدتەوفیق جیا بوونەوە و کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانیان پێکهێنا.
کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکراتی کوردستان لەلایەن سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقەوە بەوە تاوانبار کرا کە گۆیا هاودەستی جەماعەتی (تاڵەبانی)ن و لەوان یارمەتی وەردەگرن، هەر بۆیە وەک دوژمن و نەیار حیسابیان بو کرا و ڕێی هاتوو چۆیان لێ پاوان کرا. حکومتی ساواک و پۆلیسی ئێرانیش کە بە ڕواڵەت دەستی لاواندنەوەی بەسەر شۆڕشی کوردستانی عێراق دا دەهێنا، پەیتا پەیتا ڕادەست کردنەوەی جەماعەتی کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکڕاتی لە بارەگای بارزانی دەویستەوە.
بزوتنەوەی چەکداریی ساڵانی(1968 - 1967)، کە کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دێموکرات بە ناچاری و بە زۆرەملی تووش کرا، لە دوو لایەنەوە جێی سەرنجە.
لایەنی یەکەم ڕووی لە سەرۆکایەتیی شۆڕشی کوردستانی عێراقە و دەڵێ : " ئاخۆ کەم کەس وەکی بارزانی تامی دۆستایەتیی شای ئێران و حکومەتەکەی دەزانی و دەیزانی کە لە خسڵەت و زاتی پادشا و ڕژیمەکەیدا هیچ سۆز و پەیمانێک بەدی ناکرێت. بارزانی لە حکومەتی کۆماری کوردستاندا وەک کەسایەتیی و سەڕۆک عەشیرەی باشوری کوردستان، ئاگای لە قەول و بەڵێنیەکانی شای ئێران بە قازی محمدیش هەبوو. هەروەها دوای ڕوخانی کۆمار و بریاری ڕۆیشتن، بارزانی لە سەر سۆز و پەیمانەکانی شای ئێران، بە بێ شەڕ و شوور، مەهابادی جێهێشت و ڕۆییشت، بەڵام ڕێگرتن و هێرش کردن و تۆپ باران و کەلەکۆمەی تورک و عەرەب و عەجەم بۆ سەر کوردی بێچارە، تێکستی گۆرانییەکی کۆنی ئەو سەردەمەیە کە منداڵی ساباڵاغی دەیانگوتەوە.
بارزانی هەر نەک هەموو ئەو سۆز و پەیمانە بەتاڵانەی شای ئێرانی دەزانی، تەنانەت ئەوەیشی دەزانی کە شای ئێران یەکێک لە جگەرسووتاوەکانی پەیمانی بەغدای گۆڕ کراوە!! بارزانی کاتی هاتن بۆ باوەشی گەرمی کۆماریشی لە بیر بوو، بەڵام سەد حەیف نەما هەتا کۆچ و ڕەوە خەمناکانەکەی کوردی کوردستانی باشوور ببینێت و، ببینی کە کێ دۆست و پشتیوانی کێیە و کێ دوژمن و سەربڕی کێیە!!"
لایەنی دووەم ڕووی دە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانە و دەڵێ: " ئەرێ ئێوە لە ئەرشیڤی ئەستووری سیاسی دا هیچ ناویک لە سەرجەم کۆنگرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانتان هەیە؟! ئەگەر هەتانە، ئەرشیڤەکەتان کۆنگرەی دووەم و بەرهەڵستکارانی ئەو کۆنگرەیە چلۆن ناو دەبات و چ لێکدانەوەیەکی لە سەریان دا هەیە؟
ئەوەندی کە خۆیا و ئاشکرایە، لە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداریتان بە دژی کۆماری ئیسلامی ئێران، یەکێک لە هێزەکانی پێشمەرگەتان، ناوی(هێزی موعینی) بە سەرەوە بوو. موعینی و یارانی ئەو، دامەزرێنەرانی کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران بوون. خۆ دیار و ئاشکراشە کە شادرەوان عەبدووڵاهی ئیساقی و یارانی ئەویش هەر هەڵگری هەمان ئارمان و ئامانجی گەلی کورد بوون و تەنانەت ناوی حیزبی دیموکراتیشیان بیر نەکردووە، ئەدی هۆی چییە هەرگیز و هیچ کەس جارێکی چاوێکی بەو تەونانە دا نەخشاندووە و هەمیشە وەک ڕەمز و ڕازێکی خەوتووی نێو کۆنە ئەفسانەکان دا لە ژێر تەپ و مژ دا ماونەتەوە".

وڵاتانی پێشکەوتووی جیهان هەرگیز تاریخی وڵاتەکەیان لە کەس ناشارنەوە. ئەڵمان بەبێ ترس و دڵەڕاوکێ دەڵێ کە مێژووی وڵاتەکەیان (هیتلەر) و حکومەتی (رایش)یشی پەروەردە کردووە و (مارکس)یشی لە داوێن زاوە.

**سولەیمان موعینی (فایق)**



ڕۆژی هەینی 1933/2/17 ( 1311/11/28 هەتاوی) لە گەڕەکی سەهۆڵخانەی شاری مەهاباد لە دایکبووە. لە سەردەمی کۆماری کوردستان، سولەیمان بۆ خویندن دەنێردرێتە شاری تەورێز. دوای جوانەمەرگبوونی کۆماری کورد و گێرانی باوکی، دەگەڕێتەوە مەهاباد و دەست بە خوێندن دەکاتەوە. کاتێک کە باوکی بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، سولەیمانیش دەچێتە تاران و لە وێ دەخوێنێ. دەگەڵ گەڕانەوەی باوکی بۆ مەهاباد، ئەویش دیسان دەگەڕێتەوە و لە فێرگەی محمدرەزاشا پەهلەوی ، دەست بە خوێندن دەکاتەوە .
سولەیمان هەر لە تەمەنی لاوی و لە سەردەمی خوێندکاریدا، دەگەڵ هاوڕێیانی وەک سەید عەبدوڵلا ئیسحاقی (ئەحمەد تۆفیق) ، خەریکی کاری سیاسی و تەشکیلاتی دەبێت. هاوکات دەگەڵ کاری سیاسی، لە خزمەتکردن بە هەژار و بێدەرەتانان نامێنێتەوە و دەکرێ بگوترێ بەشی هەرە مەزنی ڕۆژگارانی ژیانی سەردەمی لاوێتیی سولەیمان بەم بوارانە دا تێپەڕ بووە. سولەیمان شان بە شانی بیری شۆڕشگێرانەیەوە، کەسایەتییەکی چالاکی بواری وەرزشی و مەیداندارێکی کارامەی گۆڕەپانی چالاکیی وەرزکاریش بووە و ئۆگرایەتییەکی پتەوی دەگەڵ کەژ و کێو داوێنی سروشتی جوانی کوردستان هەبووە.
ساڵی 1953 (1332ی هەتاوی)، لە سەردەمی دەسەڵاتی دوکتور محمد موسەدیق دا، سولەیمان دەورێکی بەرچاوی گێراوە لە ڕێکخستنی گەنج و لاوان و سازدانی خۆپێشاندان و میتینگەکانی شاری مەهاباد. هەروەها ماوەیەکیش بەرپرسایەتیی ڕاهێنانی سرودی نەتەوەیی کوڕ و کچانی شارەکەی بە ئەستۆیەوە بووە.
ڕۆژی 1953/6/15 ڕێکخراوی لاوانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە شاری مەهاباد، بە ڕێبەرایەتیی سولەیمان و سەید عەبدوڵلای ئیسحاقی و چەند لاوی تێکۆشەری دیکە کۆبونەوەیەکی بەرین لە باغی میکائیل سازدەدەن. مەبەست لەو کۆبونەوەیە ئەوە دەبێت کە لاوانی نێو ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان نوێنەری خۆیان بۆ بەشدارییی لە چوارەمین ڤیستیڤاڵی جیهانیی یەکێتی لاوانی دیموکراتی هەڵبژێرن. بەڵام لەگەرمەی گوتوبێژی ئەو لاوانەدا ژاندارمە دڕندەکانی حکومەتی ئێران هەڵدەکوتنە سەریان و پاش لێدان و ئازاردانیان، لولەی تفەنگەکانیان ئاڕاستەیان دەکەن و مێرمنداڵێک بەناوی «حسن ڕەمەزانی» شەهید و چەند کەس بریندار دەکەن. ئیدی ئەو لاوە شۆڕشگێرانە، دەکەونە شەقامەکانی شار و بە گێرانی تەرمی ئەو لاوە شەهیدە، ڕێپێوان و بزووتنەوەیەکی جەماوەری گەورە بەڕێدەخەن.

هەر لەو سەردەمەدا پێداگری و خەباتی نەپساوەی بەرهەڵستکارانی سەراسەری بوو بە هۆی هەڵاتنی شای ئێران و هاتنە سەر حوکمی حکومەتی دوکتور موسەدیق، کە هیوای چاکسازی و بوژانەوەی لێدەکرا، بەڵام بەداخەوە بە هۆی پشتیوانیی ڕۆژئاوا لە شای ئێران و لە ئاکامی کۆدیتایەکی نیزامی، شای ئێران گەڕاندرایەوە و حکومەتی دیموکراتیکی موسەدیق تێک ڕووخا. دوای ڕووخانی حکومەتی دوکتور موسەدیق، لە 28ی گەلاوێژی ساڵی 1954، هێزەکانی سەرکوتکەری ئێرانی هێرشیان کردە سەر جەماوەری شار و گوندەکان و، گرتن و کوشتن و بێ سەروشوێن کردن دەستی پێکرد.
لە شاری مەهاباد دا، یەکێک لە گیراوەکان محمدئەمین معینی، باوکی سولەیمان بوو کە بە ماوەی 20 ڕۆژان لە گرتوخانەی سەربازیدا ڕایان گرت. هەر ئەودەم لەلایەن فەرماندەی نیزامیی شاری مەهاباد، کە سەرلەشکەر کەریم وەرئەهرام ی ناو بوو، بە باوکی سولەیمانیان ڕاگەیاند کە بە شوێن سولەیمان دا بنێرێت و پێی بڵێ کە حکومەت لێی دەبووریت و دەتوانێ بەبێ هیچ ترسێک بگەڕێتەوە ماڵی خۆی.
بەڵام سولەیمان بەهۆی ناسینی کارنامەی کرداری ڕژێمی ئێران، ئەم داوایەی بەرپەرچ دایەوە و وەڵامی نای دانەوە. پاش ماوەیەک، سولەیمان بەنیازی چوونی تاران و بەردەوامبوونی ژیانی سیاسی و نهێنی، لە ساڵی 1956دا بەرەو ناوندی ئێران وەڕێ کەوت. بەڵام لە نێوان ڕێگای تاران تەورێز دا بە هۆی سیخوڕە نهێنییەکانی ڕژێم دەناسرێتەوە و دەگیرێت. لە گیرانی سولەێمان هیچ کەس خەبەردار نەبوو. دوای تێپەڕینی چەندێک، عەبدوڵلای حەکیمزادە عەکسی سولەیمان لە لاپەڕەی ڕۆژنامەیەک لە نێو زیندانییەکانی ژێردەستی ڕژێم دا دەبینێت و خەبەر بە بنەماڵەکەیان دەگەیەنێت. سولەیمان لەژێر ئازار و شکەنجەی زیندانەوانان‌دا دەمێنێتەوە هەتا ڕۆژی 1957/3/1 کە لە بری ئەسپاردنی بارمتەیەکی دەهەزار تمەنی ئەو سەردەمە، ئازاد دەکرێت.
سولەیمان ماوەیەک لە تاران دەمێنێتەوە و دەگەڵ هاوبیرێکی خۆی بەناوی (بەحری) دەست بە چالاکی دەکەنەوە، بەڵام بۆ داپۆشینی هەڵسوڕانی سیاسی، دوکانێکی وێنەگری دەکەنەوە و خەریکی کار دەبن. بەڵام سولەیمان ناتوانێ خەڵکی خۆی لەبیربکات و لە هەندەران بمێنێتەوە،



هەربۆیە دەگەڕێتەوە مەهاباد. لە ساڵی 1959، دەگەڵ کچێکی خەڵکی گوندی سیاقۆڵ، بەناوی خانمی «مریەمی عومەری»، زەماوەند دەکات و ساڵی 1960 دەبنە خاوەنی کوڕێک کە «سیامەند»ی ناو لێدەنێن.
پێکەوەنانی خێزان و باوەشی گەرمی بنەماڵەش ناتوانێ ئەو هیوا گەرمەی کە دە مێشکی سولەیماندا دەبێ، تووشی خەو و بێهەستیی بکات.
لە میانەی ساڵی 1960 دا ڕژێمی پاشایەتیی ئێران هێرشێکی هەمە لایەنە و بەربڵاو دەکاتە سەر ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کە لە ئاکامی ئەو هێرشەدا زیاتر لە 1500 گەنج و لاو دەکەونە بەردەستی هێزەکانی پۆلیس و ژاندارم. ئەم ڕەشبگیری و گرتن و بێ سەر و شوێن کردنە بە هۆی عەبدوڵلای موعینی، براچکۆڵەی سولەیمان بەو ڕادەگاتەوە و ئەویش هەواڵەکانی ئاگادار دەکاتەوە و بەپێی بەرنامەیەکی زۆر نهێنی، دەگەڵ چەند هاوڕێیەک ، بەهیوای گەیشتن بە باوەشی شۆڕشی باشووری کوردستان ، بەرەو باشور دەکەونە ڕێ.



سولەیمان و هاوڕێیانی هەرکە دەگەنە باشووری کوردستان، بە ئاگاداریی و لە ژێر چاوەدێریی سەرۆکایەتی ئەوسەردەمەی باشووری کوردستان ، لە هەوڵی سازمانکاری و بووژاندنەوەی ڕێکخراوەی پرژ و بڵاوی حیزبی دیموکراتی کوردستان دەکەون.
دەزگای ساواک و ژاندارمی ئێرانی لە ساڵی 1965 دا، دیسان هێرش دەبەنە سەر ڕێکخراوە نهێنییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان و ژمارەیەک لە خەباتکارانی دەگرن. بەڵام ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب ، کە یەکێک لەوان عەبدوڵلای موعینی دەبێ، لە زەختی پۆلیس ڕزگاریان دەبێ و پەنا دەبەنە بەر سایەی شۆڕشی کوردستان لە باشووری وڵات.
کۆمبوون و تێکەڵبوونی ژمارەیەکی زۆر لە خەباتکارانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە گۆڕەپانی شۆڕشی باشووری کوردستاندا و ڕێکخستنەوە و سازماندەهیی ئەوان لە لایەن سولەیمان (فایق) و عەبدوڵلای ئیسحاقی (ئەحمەدتۆفیق)ەوە، ڕژێمی ئێرانی تۆقاند .
ساواک لە مەهاباد بۆ ڕاگرتن و تێکدانی ڕێکخراوەی تازە دامەزراوی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە ژێر سێبەری شۆڕشی کورد دا کەوتەوە خۆ . لە یەکەمین هەنگاودا مۆرە چالاک و کاراکانی ڕێکخراوەی ناوبراو دەخەنە بەر هێرشی تیژی تێکدەرانە ؛ بۆ ئەنجامی بەڕێوەچوونی پیلانە گلاوەکەیشیان ، پێشەکی بنەماڵەی کەسانی بەناوبانگی وەک سولەیمان دەخەنە لیستەی هەرە باڵای میکانیزمی کار و خەباتە دزێوەکانی خۆیان . هەربۆیە لەلایەن ساواکەوە بە محەمەدئەمینی موعینی، باوکی سولەیمان، ڕادەگەیەندرێت کە شای ئێران لە کار و کردەوەکانی سولەیمان و هاوکارانی ئەو خۆش دەبێت بە مەرجێک دەست لە چالاکی هەڵبگرن و بگەڕێنەوە زێد و نیشتمانەکەی خۆیان. تەنانەت ساواک بەڵێنیی هەمە چەشنە کارئاسانی و، پێدانی پلە و پایەی بەرزی کۆمەڵایەتی و ئیداریی بۆ سولەیمان دەستنیشان دەکات. باوکی سولەیمان سەری بۆ ئەم فەرمانە نزم نەکرد و هیچ وەرامێکی پێنەدانەوە. هەربۆیە، ساواک کەسێکی بەناوی کەریم خوسرەوی، کە لە کەسانی ناسراوی مەهابادی و لەباری خزمایەتیشدا دەگەڵ خانەدانی موعینییەکان خزمەتییەکی هەبوو، بەهەمان مەبەست و بە هەمان بەڵێنەکانەوە ڕەوانەی باشووری کوردستان دەکات.
هاوکات ساواکی ئێران بە ڕێگای عەلی قازی کوڕی پێشەوا قازی محەمەد کە بە میرمنداڵی بە هۆی پەیوەندی بنەماڵەی موعینی و قازیەوە لە گەڵ کاک سولەیمان ڕەفیق بوون،و پاش ڕوخاندنی کۆمار کەوتبووە خزمەت بکوژانی باوکی و تێکدەرانی کۆماری کوردوستان نامەیەک بۆ کاک سولەیمان دەنێریت و لەو نامەیەدا هاتوە: ... سولەیمان تو بۆت نیە و بۆت ناکریت لە بەرامبەر حکومەتی مەزنی شاهەنشاهی ئیراندا دژایەتی بکەی وا باشترە بی یەوەو ژیانی ئاسایی خۆت بکەی و هەر ئیمکانیاتیکیش پیویستت بێت بۆت ساز دەکرێت، من وەک هەواڵیک ئەم نەسیحەتەت دەکەم بۆ خۆت و مالباتەکەشت وا باشترە دژایەتی حکومەتی شاهەنشاهی ئیران نەکەیت هێندێک لە فکری خۆت دابە باشترە... .
لە وەڵام دا کاک سولەیمان دەنوسیتەوە،... کوڕی ڕەش شتێک بزانە کە پێشەوا لە ڕیگای گەل سەری چووە سەر سێدارە ئێمە ڕیگای ئەو بۆ رزگاری ووڵات بەر نادەین تۆ کوڕی قازی محەمەد نی، من و هەواڵانم کە ڕێڕەو و درێژەدەری کۆمارین، کووڕی قازی محەمەدین، تۆ بویت بە کاسەلێسی دوژمنان

و بکوژانی کۆمار، من ژیانی سەربەستی و ئازادیم هەڵ بژاردوە، ئەو ژیانەی تۆش هەڵت بژاردوە پێشکەشی خۆت... .
سولەیمان، کە دوژمنی کورد و پیلانە گلاوە مێژووییەکانی باش دەزانی، وەڵامی بۆ ناردنەوە کە من ڕۆڵەی کوردم و خۆم بە ئالاهەڵگر و درێژەدەری ئامانجە پیرۆزەکانی کۆماری کوردستان دەزانم . من پێشەکی و هەر لەسەرتای کار و هەڵوێستگرتنەکانمدا شێوە ژیان و شیوە مەرگی خۆم دیاری کردووە و هەرگیز ئەم گرانبارە زەنگین و ڕەنگینەم بە هەموو ئیمکانیاتی خۆشگوزەرانی ناگۆڕمەوە.
سولەیمان بەدڵ و گیان هەموو پتانسیەلی خۆی دەخاتە خزمەت شۆڕشەوە و لە نزیکەوە لە گەڵ مەلا مستەفا بارزانی کاردەکات و بەشێکی هەرە زۆری ڕۆژنامەی «دیسان بارزانی» بە قەڵەمی ئەو دەنوسرێت. لە کار و چالاکی سیاسی و نیزامیش دا مۆرەیەکی بەکار و گیانبەختکەر دەبێت و لە هیچ خەتەرومەترسییەک خۆی کل ناکات.
بەڵام سولەیمان و ژمارەیەک لە هاوخەباتانی ئەوهەتا زیاتر لە دەقی شۆڕشی باشووری کوردستان خوردتر دەبنەوە و وردبینانەتر سەیری پەیوەندییەکان و پلە و پایەی کادرەکان دەکەن، زۆر زوو تێدەگەن کە دەزگای شۆڕش بە سەرۆکایەتیی بارزانی ، لە ڕێگای خزمەت بە گەلەکەی لای داوە. هەمیسان سولەیمان بە چاو دەبینێ کە دەرەبەگە مەزنەکانی ئەو سە ردەمە، لە ناو پارتی دیموکرات، بۆ پاراستنی بەرژەوەندیی عەشیرەتی خۆیان و دەرە بەگەکانی تر کەڵکی ناسیاسی لە ئیمکانیاتی شۆڕش وەردەگرن.
هەر ئەم شێوە کارەی مەلامستەفا و دار و دەستەکەی دەبێتە هۆی دابڕان و دوور کەوتنەوەی ڕوناکبیر و زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە پارتی دیموکراتی کوردستان لە عێراقدا. هەر درێژەدان بەم سیاسەتە و لایەنگیری لە دەربەگانیش بوو کە دەتوانێ بووبێتە هۆی شیواندن و تاریک کردنی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و مەلامستەفا، کە ڕۆژ بە ڕۆژ بەرەو ئاڵۆزی ڕۆیشت و سەرەنجام شەڕی لێ کەوتەوە. لە درێژەی شەڕی نابەرامبەری هێزەکانی دەوڵەتی عێراق و شۆڕشی کوردستان دا، مەلامستەفا دەستی یارمەتیی بەرەو شای ئێران درێژ کرد و شۆڕشی کوردی خستە باوەشی ڕژێمی دژبەکوردی ئێرانی.
بارزانی بەهۆی پەیوەندیی لەگەڵ ڕژێمی شای ئێران، سیاسەتی خۆی لەسەر بناغەی بەرژەوەندیی ئێران داڕشتەوە و لە وتەکانی خۆیدا دەڵێ کە ئێمە دەبێ پێشەکی گەلی کورد لە عێراق ئازاد بکەین ، جا دوایە دە فکری بەشەکانی تر دا بین؛ بە مانایەکی تر، خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان بکرێتە قوربانی لە ڕێی سیاسەتی پێوەندییەکانی ڕێبەرایەتی شۆڕش دەگەڵ شای ئێراندا.
بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی مل بۆ ئەم سیاسەتە نادەن و لە ژێر تیشکی بیر و فەلسەفەیەکی نەتەوەیی دا ئەم شێوە خۆ بەدەستەوەدانە بەرپەرچ دەدەنەوە و پێوەندییەکانی مەلامستەفا و شای ئێران بە قومارێکی پڕ لە مەترسی دیپلۆماسی دەزانن.



بارزانی کە لە هوشیاری و زانایی سولەیمان ئاگادار بوو، پێی وابوو ئەگەر پلە و پایەی ئەو لە شۆڕش دا بەرێتە سەر، ئەوا لایەنگریی ئەو بۆ خۆی دەکرێتەوە و ئەوانی تریش بەشوین ئەودا دێن.بەڵام سولەیمان ، کە ڕۆڵەی دڵسۆزی گەلی خۆی بوو و بە کردەوە هەموو ژیانی خۆی و ئاسایشی بنەماڵەکەی خۆی لە پێناو هەست و شعوری بەرزی نیشتمان پەروەری دا فیدا کردبوو، هەرگیز لە بەرامبەر پلە و پایەی حیزبی و سیاسی دا ئامادە نەبوو مل بۆ سیاسەتی ناڕاست کەچ بکات و لە ڕێی خزمەت لابدات.
بەهۆی قووڵ بوونەوەی پەیوەندییەکانی مەلامستەفا و ڕژێمی ئێران، بەرەبەرە دەزگای پاراستنی ئێران (ساواک)، شوێن پێی زیاتر و قوڵتری لە جەرگەی شۆڕشی کوردستان دا دەست کەوت و دەستەڵاتی قایمتری تێدا وەدەست هێنا.
لە دایک بوونی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان (کۆمیتەی ئینقلابی حیزبی دیموکراتی کوردستان)، لەو سەردەمە دا، جوڵانەوەیەکی دە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان خست ، کە دەزگای پاراستنی ئێرانی بە مەترسییەکی مەزنی لێکدایەوە . کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی وەک هەڵوێست، لە هەنگاوی یەکەمدا خەباتی سیاسیی گرتبوویە پێش، بەڵام ساواک و دەزگای سیخوڕیی ئێرانی لە دایک بوونی ئەو سیستیمە نوێیەیان بە مەترسییەکی گەلێک مەزن زانی، هەربۆیە بە هەموو تواناوە، لە ناوەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا هێزی نیزامی و جاش و سیخوڕیان بۆ وەگەڕ خست و لە بەشی باشووری کوردستانیش دا ئاستەنگی توند و تۆڵیان خستە سەر ڕێ.
دەزگای بە ڕێوە بەری کۆمیتەی ئینقلابیی حیزبی دیموکرات کە بریتی بوون : سولەیمان موعینی، سمایلی شەریفزادە ، مەلا ئاوارە ، خەلیل شەوباش ،عە ولای موعینی، مەلامەحمود زەنگەنە و چەند خەباتکارانێکی دیکە، کەوتنە بەر شاڵاوی دڕندانەی جاش و جەیش لە هەر دووک بەری سنووران و بزوتنەوە ساواکەیان لە خوێن دا نوقوم کرد.
لە ڕاستیدا ئامانجی بەرنامەی کۆمیتەی ئینقلابی ، پەیوەندی گرتن دەگەڵ زەحمەتکێشانی گەلی کورد لە شار و دێهاتەکانی ڕۆژهەڵاتی کورستان دا بوو، کە هەر لە دەسپێک و سەرەتای کاردا ، لە سای سەر ڕاستی و دڵ و دەروون خاوێنیی ئەندامانی بەڕێوەبەر و کادر و هەوادارانی کۆمیتەی شۆڕشگیری حیزب دا ، ژمارەیەکی بەرچاوی هێزی زەحمەتکێشیان پێوە لکا. سازماندانی هێزی زەحمەتکێش و ڕاکێشانی ڕۆناکبیرانی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ، کۆمیتەی ئینقلابی ئەوەندە ناودار کرد، کە لە ماوەیەکی زۆر کەمدا هەموو مەڵبەندەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی گرتەوە.
دەزگای ساواکی ئێران کە لە باشوور دا حوکمی دەڕۆییشت و لەوێوە دەستی پێکرد. لە یەکەم هەنگاودا، بۆ بەرگیری کردن و لە ڕیشە دەرهێنانی کۆمیتەی ئینقلابی، بە فەرمانی شای ئێران، یەکێک لە خوێنخۆرترینی مۆرەکانی خۆی تەرخانی سەرکوتکردنی سەرهەڵدانی گەلی کوردی ڕۆژهەلات کرد، کە ئەویش ژەنەڕال ئەرتەشبود ئوەیسی بێت کە لە ئاست شای ئێران دا بە گەورە نۆکەر و، لە لایەن گەلی کوردەوە خوێنمژترین دوژمن ناسراو بوو. ئەو ژەنەڕاڵە چەکمەڕەقە فەرمانی خاشەبڕکردنی بزووتنەوەی نوێی گەلی کوردی لە شای ئێران وەرگرت و دەستی پێکرد. ژەنەرال ئوەیسی دوای ئەوەی کە لەو دیوی سنوور دڵنیا بوو، لەم دیوەش دا هێزێکی لە دەرەبەگە کۆنەپەرستەکان ساز کرد و ئینجا بە هەموو هێزێ سیخوڕی و جاش و جەیشەوە قۆڵی فەوتاندنی لێ هەڵماڵین.
زۆری نەخایاند لە ئاکامی پیلانێکی لە ڕێدا چاندراو، کە کەسێک بەناوی قادر تەگەرانی بگێری پیلانەکە بوو، سولەیمان و خەلیل شەوباش لە ڕێگای سلێمانی ـ سیتەکەوە ، دەکەونە داوی پیاوانی سەدیق ئەفەندی و ڕەوانەی بارەگای بارزانی دەکرێن.
شایانی باسە بگوترێ کە شێخ لەتیفی حەفید، دۆستایەتی و نزیکایەتی و هاواڵبەندییەکی زۆر گەورە و گرانی دەگەڵ تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبوو. گەلێک جاران کارئاسانیەکانی ئەو دەبوو بە هۆی پێشوەچوونی بەرنامەکانیان. لەم بوارەدا ناوی بەرزی ئەو کەسایەتییە هەرگیز فەرامۆش ناکرێت.
شایانی ئاماژەپێکردنە، شەوێک کە سولەیمان و سیامەندی کوڕی و خەلیل شەوباش سەردانی شێخ لەتیف دەکەن، شێخ لەتیف بەئاشکرا پێیان دەڵێت کە خۆیان لە داوی قادر تەگەرانی بپارێزن، چونکە ناوبراو گرێدراوی چەند سیاسەتێکی دژ بەیەکە و پێدەچێت لەم بوارە دا خەریکی سات و سەودای

سیاسیش بێت. سولەیمان لە وەرامدا دەڵێت: «من لەمێژە قادر تەگەرانی دەناسم و باوەڕ ناکەم ئەو بیری پیس و چەوتی بۆ ئێمە ببێت». بەڵام بەداخەوە دوایی دەرکەوت کە قادر تەگەرانی هاوکات پیاوی ئێران و عێراق و بارزانییە و سێ سەرە خەریکی سات و سەوداکردنە.



هەر ئەو ڕۆژەی کە قادر تەگەرانی بە پێی پیلانێکی لەپێش داڕێژراودا، سولەیمان و خەلیل شەوباش بە جێپ لاندرۆڤەرەکەی لە ڕێگەی سیتەکەوە بۆ سولەیمانی دەبات، دەیانباتە جێداوی کەسێک بەناوی سەدیق ئەفەندی و دەسبەجێ دەیانگرن. سەدیق ئەفەندی لە ڕێگادا خەلیل شەوباش شەهید دەکات و سولەیمان بۆ بارەگای بارزانی ڕادەگوێزێت.
دەگێرنەوە کە مەلامستەفا لەبری بەخێرهێنانەوەی سولەیمان و لە جیاتی دڵدانەوەی، بە ئەوپەڕی بێحورمەتی و بەدەم جوێن و قسەی ناشایستە، کە لە سەرۆکی بزوتنەوەی میللەتێک بەدوورە، سولەیمان دادەگرێت و تەنانەت پێی دەڵێت: باشترین کار ئەوەیە خۆی ڕادەستی ئێران بکاتەوە و دەگەڵیان پێکبێت، بەڵام سولەیمان ڕابوردوی دەخاتەوە بیر و دەڵێت: «ئەو سەردەمەی کە وا شۆڕشی کوردستان لە ئەوپەڕی هەژاریدا بوو، من و کەسانی وەک من بۆی تێکۆشاوین و هەرگیز چاومان لە حەسانەوە و سازان دەگەڵ حکومەتە داگیرکەرەکان نەبووە کە ئێستا من هەم بێت. من وەک کوردێک کە هەڵگری بیر و باوەڕێکی خاوێنی کوردانەم، بۆم هەیە سەر بە شوێن ئاواتەکانمدا بڕۆم و گیانمی بۆ بەخت بکەم. من هەرگیز ئامادە نیم سەرشۆڕ بکەم و مل بۆ ڕژێمێک دابنەوێنم کە دەستی بە خوێنی کۆمار سوورە».
ئەوەی کە ئاشکرایە، لەو دەمەدا جگە لە مەلا مستەفا، ئیدریس و مەسعودی کوڕی و دوو کارگێڕی ساواکی ئێرانیش ئامادە بوون و گوێگری ئەم قسە و باسەی بارزانی و سولەیمان بوون.



مەسعود بارزانی لە کتیبی *البارزاني و الحركة التحرريةالكردية* لە لاپە رە ی 362 دا دە نوسیت:
'' لە 1967 داشۆرش ناچاربووکاریکی ناخۆش ئە نجام بدات،کە نە دە توانرا خۆی لی ببویردریت. ئە ویش کاتیك سلیمانی موعینی کە دژی ئە حمە د توفیق بوو،دە ستگیر کرا،کە چوو بووە پال جاشە کانی 66 و هاوکاری رژیمی عیراقی لە دژی شۆرش کردبوو،ئیدی کوژراو لاشە کە ی بۆ ئیران نیردرایە وە. نە دە کرا وا چاو لە مە سە لە ی چارە نوسی سلیمانی موعینی بکریت کە مە سە لە یە کی حیزبی ناو خۆییە. ئە و هاوکاری جاشە کانی66 ی کردووە ودوژمنی شورشە و ناکریت کیشە کە ی جیابکریتە وە بە بیانووی ئە وە ی کە پە یوە ندی بە کاروباری حیزبە کە یە وە هە بووە. هە رچە ند ئیمە ئە و کوتاییە ناخۆشە شمان بو ئە و پیاوە نە دە خواست.''وە رگیردراو لە کتيبي البارزاني و الحركة التحررية.مەسعود بە بی بە لگە کاك سولەیمان تاوانبار دە کات و کوشتن و تە حویل دانە وە ی رۆلە کانی رۆژهە لاتی کۆردستان بە ئیران بە کاریکی ئاسایی دادە نیت وفرۆشتنی شۆرشی رۆژهە لاتی کۆردستان بە ئیران لە ژیرسیبە ری شۆرشی باشور حەقانیە ت پی دە دات... .
مەلا مستەفا ئەمر دەردەکات سولەیمان بخەنە بەندیخانەی شۆڕش. پاشان بە هەژار، شاعیری دە ربار دەستوور دەدات کە سەردانی سولەیمان بکات و بە هەر زمانێک بێت، ئەو ناچار بە چونەوە و خۆ بەدەستەوەدان بکات. هەژار، هەر ئەو جۆرەی کە لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا نووسیویەتی، لەجیاتی دڵدانەوە و دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ بەردەوامبوونی خەباتی کوڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەست دەکات بە مەحاکەمەکردنی سولەیمان. تەنانەت لە کتێبی «چێشتی مجێور»دا کە دوای مردنی لە چاپدراوە، گەلێک ناو و ناتوورەی بەدوور لە ڕاستیی داوەتە پاڵ سولەیمان و تاوانەکانی سەرکردایەتیی شۆڕشی پێ شاردۆتەوە. ئەگەرچی نوسراوەکانی هەژار لە ئاست سولەیمان سەر بە سەری سووکایەتین و بێحورمەتی، بەڵام دیار و ئاشکرایە کە هیچیان ڕاست نین و هەر هەمووی ئەوەندە ساختەچییانە سازکراون، کە ڕواڵەتی شاعیرانەی هەژاریان هێناوەتە ژێر پرسیارەوە. دەبێ بڵێین جێی گەلێک داخ و کەسەرە بۆ پیاوێکی ئەدیب و شاعیری وەک هەژار، کە سەر و سەردەمێک دەگەڵ مامۆستا «هێمن» دوو شاعیری میلليی کوردستان بوون و لە ڕیزەی یارانی بەوەفای پێشەوا قازی محەمەد دەناسران، لەو سەردەمە ناسکەدا کە بزوتنەوە و سەرهەڵدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دنەدەر و چاوسوری زانا و لێهاتووی پێویست بوو، هەژار لە جیاتی یارمەتی و پشتیوانی لە سەرهەڵدانی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان، شان بە شانی کاربەدەستانی ساواک، تێکۆشەرێکی کورد مەحاکمە دەکات و دوای تێرۆرکردنیشی، بە ئەوپەڕی هەژاری و کەسادی و دۆڕاوییەوە لە چێشتە، مجێورە نەخۆرەکەیدا بە خراپە باسی ئەو کەسە دەکات، کە هەر لە سەردەمی کوڕ و کاڵی و لە هەڕەتی لاوەتیی خۆیدا دەستی لە هەرچی خێر و خۆشی ناو بنەماڵەکەی هەڵگرتبوو و فیداکارانە خۆی بە فیدای کورد و کوردستان کردبوو.
؛لە کتیبی؛چپ در ایران بە روایت اسناد ساواك؛ لە لاپە رە ی306 سە بارە ت بە هە ژار ئاوا دەنوسیت:
عبدالرەحمان شەرەفکەندی کوری مەلا محەممەد ناسراو بە هەژار لە سالی 1325 لە گەل یاخیەکان هاوکاری کردووە و پاش تیکشکانی سە رهەلدانی ئازەربایجان و لە بە ین چونی قازی محەممەد،هە ژار هەڵدێتە عیراق و لەو ناوچەیەی مەلا مستەفای لیدەبێت جێگیر دەکریت، ناو براو لەو ماوەیە کە لە عیراق دەبیت لە گە ل حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئیران هاوکاری دەکات و هاوکاریەکەش بەو چەشنە دەبیت کە،شیعر و هەلبەستیان بە زمانی کوردی بو ساز دەکات و هاوکات کاری تەبلیغیان بو ئە نجام دەدات.
بە پی ی راپورتی ساواك لە 1354.8.14 ناو براو وە بەر عەفوی شا دە کەویت و لەگەل مەلا مستەفا دێتەوە ئیران و دەنێردریتە کەرەج و ماڵیکی کە نرخی زیاتر لە یەك میلیون بوە دە دریتی،و مانگانەش موچە ی چوار هە زار تمەنی بو دەبردریتەوە، ناوبراو لەوەزعی خوی زور رازی بووە. بە پی ی راپورتی ساواك لە سالی 1354 لە گە ل محمود جعفریان ، جیگری سازمانی رادیو تلویزیونی میللی ئیران قسە دە کات و زوری پی خوش دە بیت لە گە ل بە رنامە کانی کوردی رادیو ئیران هاوکاری بکات ، و لە سالی 1355 ئەو کارەی پی دەسپیردریت.


به پی ی راپورتی ساواك له 1356.8.7 هەژار باس ده كات كه : ته مه نیكم تیپه ركردوه و تیگه یشتوم كه ژیانم دوراندووه ئیستاش ده م هه وێ بو خوم بژیم... .
دوای ناهومێد بوونی دەزگای بارزانی بۆ ڕووخاندنی کەسایەتیی سولەیمان، مەلا مستەفا دەستور دەدات ڕادەستی ئێران بکرێتەوە، بەڵام کاربەدەستانی ساواک لە وەرگرتنی سولەیمان بە زیندوویی خۆ دەپارێزن و داوای تەرمی بێ گیانی ئەو لە بارزانی دەکەن. سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستانی باشووریش بەبێ ئەوەیکە مەبەستی ساواک لێکبداتەوە، ئەم کارەش دەکات و سولەیمان دەست بەستە شەهیددەکات.
ساواک لەم کارەدا دوو ئامانجان دەپێکێت؛ یەکەم ـ تێکدان و لێک بڵاوکردنی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی تازە پێگرتوو. دووەم ـ ڕەش و دزێوکردنی ڕواڵەتی شۆڕشی کوردستانی باشوور بەلای خەڵکی کورد، بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بوو؛ کە هەر دووک مەبەستیشی لە لایەن هەڵویستی نادروست و دوژمن پەسەندانەی بارزانیەوە بۆ پێکهات. بزوتنەوەی ساوای ڕۆژهەڵاتی کوردستان نوقمی خوێن کرد و شەپۆلی نارەزایەتی و قین و تووڕەیی خەڵکی زەحمەتکێشی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشی لە سەرکردایەتیی شۆڕشی باشووری کوردستان بزواند.
ڕۆژی چوارشەممە 1968/5/15 (1347/2/25 هەتاوی)، بە ئەمری سەرۆکی شۆڕشی کوردستان، سولەیمان شەهیددەکرێت. هەر ئەو ڕۆژەش تەرمەکەی بە هێلی کۆپتەر دەگوازرێتەوە ئەو دیوی سنوور و لە پادگانی پێرانشار دادەندرێت و بۆ ورە بەرزکردنەوەی هێزی نیزامیی شاهەنشاهی ، نیشانی سەرباز و ژاندارمەکان دەدرێت و دوای وێنەکێشانێک ڕەوانەی شاری مەهاباد دەکرێتەوە.



ئەو ڕۆژەی کە خەبەری شەهیدکرنی سولەیمان لە نێو خەڵکی مەهاباد و دەور و بەر دا دەنگدەداتەوە، خەڵک دەڕژێنە نێو شەقام و کۆڵانەکان. دوکان و بازاڕ و دایرەکان دادەخرێن و بە عام بەرەو گۆڕستانی بداغ سوڵتان دەکەونە ڕێ. ڕۆژی هەینی 1968/5/17 (1347/2/27 هەتاوی)، شەهیدی سەربەرزی کورد، لە سەر دەست و باوەشی گەرمی خەڵکی کورد بە خاکی نیشتمانەکەی دەسپێردرێت. شایانی باسە ئاماژە بەمەش بکەین کە هەتا ئەو ڕۆژە، مەلا مستەفا وەک ڕەمزی شۆڕش و بەوێنەی کاریسمایەکی بەتوانای کوردایەتی ناوی لەسەر زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە خۆشی و ڕەوانی دەگەڕا، بەڵام بەم هەڵوێستە ناشایستەیە و بەم سور کردنی ئەنگوچکی شۆڕش بە خوێنی ڕۆڵەی شۆڕش، نەخوازا بە ئەمری خوێنخوارترین قاتڵی قازی محەمەد و یارانی ئەو، ئیتر ڕەمز و کاریسماکە شکا و هەتا لە ژیان دا بوو، نەکەوتەوە نێو دڵی گەلی کوردستان بە تێکڕایی.
کاتێک محەمەد ئەمینی موعینی هەواڵی شەهیدکردنی سولەیمانی کوڕی دەبیستێت، دەڵێت: «پێم وانییە مەلامستەفا ئەم کارەی کردبێت، چونکە من گەلێکم خزمەتی مەلامستەفا کردووە و قەت بڕوا ناکەم ئەو خەیانەتە مەزنە بە دەستی ئەو لە کورد کرابێ!». بەڵام دواتر دەرکەوت کە کارەساتەکە بە فیتی ساواک و بە دەستی بارەگای بارزانی کراوە.

هەواڵی شەهیدبوونی  سولەیمان موکریان دەهەژێنێت و لە شاری مەهاباد دا خەڵک دەڕژێنە سەر شەقامان ، کە لە ئاکامی خۆ ڕاگری و کۆڵنەدانی خەڵک و داخستنی دوکان و بازاڕی شار، ساواک ناچار دەکەن تەرمی  سولەیمان بدرێتەوە کەس و کارەکەی لە شاری مەهاباد. خەڵکی مەهاباد بە ئەو پەڕی ڕێز و پێزانینەوە تەرمی  سولەیمان لە گۆڕستانی بداغ سوڵتان بە خاک دەسپێرن.
بەم جۆرە و لە ئاکامی هێرشی وەحشییانەی هێزەکانی ئێرانی و بە هۆی بەرژەوەندیی کاتی و پڕ لە هەڵەی شۆڕشی باشوور دا، حوکمی فەوتانی کۆمیتەی ئینقلابی بە دەست و باسکی دوو لایەنان بەڕێوە بردرا.
ئەگەرچی  سولەیمان و بەشێکی هەرە زۆری هاوڕێیانی کۆمیتەی ئینقلابی لە شەڕی داسەپێندراوی ڕژیمی شای ئێران دا شەهید کران، بەڵام ڕێگای پیرۆز و ئامانجی بەرزی کۆمیتەی ئینقلابی، کە ڕزگاریی گەلی کورد و سەربەخۆیی کوردستان بوو، لە دڵ و مێشکی گەلی کورد دا لە جاران نەمرتر ڕاگیرا و بوو بە سەرمەشقی ڕاپەڕین و سەرهەڵدان و بزوتنەوەکانی دوواییش.
شەش مانگ بەر لە کارەساتی دڵتەزێنی شەهیدبوونی سولەیمان، لە گوندی قەمتەرە ـ ی نزیک بە شاری مەهاباد، سولەیمان و عەبدوڵلا و مینەشەم و چەند پێشمەرگەی تر، دیداریک دەگەڵ پەریزاد و فاتم و جەعفەر، واتە خوشک و براکانی سولەیمان و عەبدوڵلا ساز دەکەن کە هەر لەو چاوپێکەوتنەدا سولەیمان بە ئاشکرا ڕادەگەیەنێت کە ئەو دەگەڵ بارزانی نەماوە و ئامادەش نییە بچێتە ژێر فەرمانی ئەوەوە. خوشک و براکانی هۆیەکە پرسیاردەکەن، سولەیمان لە وڵامیاندا دەڵێت: " هەتا ئەوکاتەی کە شۆڕشی گەلی کورد بە پشتیوانی و یاریکاریی زەحمەتکێشانی گە لی کورد و، بۆ وەدیهاتنی مافی ئەوان بەڕێوەدەچوو، ئێمە لە خزمەتی دابووین، بەڵام هەرکە ڕێبەرایەتیی شۆڕش کەوتە داوی پیلانی دوژمنانی گەل و لە گەل جیا بۆوە، ئێمەیش لێی جیابووینەوە و خەتی خەباتێکی ڕاستەقینەمان گرتۆتەوە بەر" .
هەر لەو چاوپێکەتنەدا  سولەیمان ئەمەش دەڵێ کە دوای ماڵاویی لێکردنیان و لێک هەڵبڕانیان، بە ماوەی شەش مانگان لەو مەڵبەندە دوور دەکەوێتەوە و دوای گەڕانەوەی ، ڕەوشێکی تری شۆڕشگێرانە دەگرنە بەر.
مریەم خانمی خێزانی  سولەیمان و سیامەندی کوڕیان کە لە گوندی دێرێ دەبن، بە یارمەتیی محمدمەلاعەلی بێژوێی ڕادەگوێزرێنە سونێ ، بەڵام ساڵی 1967، لە ئاکامی هێرشێکی پێشمەرگەکانی پارتی بۆ سەر سونێ، خێزان و کوڕی سولەیمان دەکەونە بەردەستی کەسێک بەناوی حەسۆ میرخان و لە سەنگەسەر دەسبەسەر دەکرێن. هەر لە گوندی سەنگەسەر دا دووەمین منداڵی سولەیمان ، کە سامڕەندی ناوە، لە دایکدەبێ. لە ماوەی لەدایکبوونی سامڕەنددا، هاوڕێی دێرینی سولەیمان، واتە سەید ڕەسوڵی دێهقان ئەو پەڕی فیداکاری و لە خۆ بوردویی نیشاندەدات.
پاش ماوەیەک، سولەیمان نامەیەک بۆ حەسۆمیرخان دەنووسێ و داوا دەکات ژن و منداڵەکەی ئازاد بکرێن و ڕەوانەی سلێمانی بکرێنەوە، بەڵام حەسۆمیرخان هیچ وەڵامێکی پێناداتەوە. هەربۆیە سولەیمان چەند پێشمەرگە دەنێرێت و ژن و منداڵەکەی لە دیلی و ژێردەستی ڕزگار دەکات. لە ڕاگواستن و جێگیرکردنی ژن و منداڵەکانیدا، شێخ لەتیفی حەفید ئەوپەڕی هاوکاری نیشان دەدات و لە نزیک ماڵەکەی خۆی خانویەکیان بۆ بەکرێدەگرێت.
کارنامەی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی کۆمیتەی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستان ئەگەرچی لە ژێر تەم و مژێکی لێڵ دا شاراوە ماوەتەوە و هەرچەند کە ڕێبەران و ئەندامانی بەوەفای ئەو هێزە ساوایە غەرقی خوێن کران، بەڵام سولەیمان و هاوڕێیانی بە سەربڵندی ژیان و بە ڕووسووری کەوتنە ژێر خاک. ناویان و یادی ئاشکرایان بوو بە  سوێند و بەڵێنی کوڕان و کیژانی کوردستان لە ژوانگەی دڵداری و خەبات دا و سوێندیان پێ خورا. دەنگی دەنگبێژان بە دەنگ یادی و یادگارەکانیان لاواندنەوە و هەڵبەستوانان سرودیان بۆ هەڵبەستن. مامڵێی مەزن بە یادی یەکەم ژوانی یارانی شۆڕش لە زمزیرانی سەرکەش دا ، ڕەمزی ڕازێکی بە گوێی خەڵک دا چرپاند، و هێمن ـ ێ زاناو شاعیری میللی کورد ڕایگەیاندکە ڕەوەز بە داردەست وردنابێت وسولەیمان بە گوڵە ناکوژرێت و شێرکۆ بێکەس هەڵبەستی

بۆ دەنوسێت وبە سەدان کەس هەستی خۆیان لە یادی کاک سولەیمان بە شێعر و هەڵبەست بڵاو دەکەنەوە.



ره وه ز وردنابی

زه وی! ئیستاش له رووت هه لدی بده ی سوور؟ نه رووخای ئاسمانی پیری پشت کوور؟

که حالی زارمان ئاوا ده بینن که مالی زالمان ئاوا ده بینن

که مه رگی کاوه کانی چاك ده بینن که جه رگی کیژه کان پر چاك ده بینن

که کۆری شین؛ به هاري سوور ده بینن ؛؛ئه مین؛؛ی تا ئه مین مه ئموور ده بینن

که بووکی سووری بی زاوا ده بینن کرووزه ی بی گۆنای ساوا ده بینن

که سۆمایی له چاو باوکان براوه به رۆکی پیره دایکان دادراوه

که کوندی شووم له گوندی کورد ده خوینی که گه نجی کورد ده گه وزینی ده خوینی

که ته ختی به ختی کورد بی خیو ده بینن ؛؛سوله یمانی؛؛ ئه سیری دیو ده بینن

بناری لیژ و نا هه مواری هه لگورد ده بینن بۆته ده شتی که ربه لای کورد

به ناهه ق خوینی تیکۆشه ر ده ریژن شه هیدی بی سه ر و بی شوین ده نیژن

هیمن 1358/2/27ی هه تاوی

له کتێبی ئەحمەدی بانیخێڵانی "بیرەوەریەکانم" لە لاپەرەکانی275/270 ئاوا باسی کاک سولەیمان دەکات:

لە زستانی 1967 دا شەوێک پاش سەعات دوانزە ئێمەیان خەبەر کردەوە گووتیان میوانمان هاتووە و داوای(ابو سلام و مەلا ئەحمەد) دەکەن،کە رۆیشتین بینیمان کاک (فایقی موعینی و چەند برادەرێکی ترن). کاک فایق وتی ئیمە وا هەست دەکەین لە ژێر فشاری حکومەتی ئێراندا، مەلا مستەفا دەیەوی هاتوچۆمان بۆ ناو رێکخراوەکانمان لە کوردوستانی ئەو دیو لێ قەدەغە بکات. رەنگە کارەکە هەر بەوەندەشەوە نەوەستێ پاشان ژیانیشمان بکەوێتە مەترسییەوە. بۆیە بڕیارمان داوە کە بگەڕێینەوە دیوی

ئیران و دەست بە خەباتی چەکدارییی بکەین. ئێمەش هەندێ پرسیارمان لێ کردن دەربارەی توانای ریکخراوەییان و ئامادەیی ڕێکخراوەکانیان بۆ خەباتی چەکدارییی و هەلو مەرجی مەوزوعی کوردستانی ڕۆژهەڵات و .. هتد. دیار بوو لەو ڕووانەوە کاک فایق زۆر گەشبین بوو زۆریش بڕوای بە ڕێکخراوەکانیان هەبوو، خۆشی تێکۆشەرێکی نەترس و بە دیمەن بوو. لەو کۆبوونەوەیەدا ئێمە ئامادەیی خۆمان بۆ گشت جۆرە کۆمەک و یارمەتی دانێکی ئەوان دەربڕی. بەڵام پێمان وابوو کە هەلو مەرجەکە بەو جۆرە نیە کە ئەوان بۆی دەچن. بۆیە پێشنیارمان بۆ کردن کە بەشێک لەو ئەندام و کادرانەی کە ناتوانن لەو دیو بژین دەتوانن بێنە لای ئیمە لە ناو ئەو پێشمەرگانەی لە قەرەداغ و گەرمیان و شوینەکانی تردا هەمان بوون دەیانشارینەوە. خۆشیان دەنێرینە بەغدا و شارەکانی تر و ژیان و گوزەرانیان مسۆگەر دەکەین. لەم ڕووەوە هەرچ یارمەتییەکمان لە تواناداا هەبێ دریغیان لێ ناکەین. بەڵام دیار بوو ئەوان بریاری خۆیان بە جۆرێکی تر دابوو سوور بوون لە سەر ئەوەی کە ئاودیوی کوردستانی ڕۆژهەڵات بن و بزووتنەوەی چەکداری دەست پێبکەن، پاشان داوایان لێ کردین تا لە سنوور ئاودیو دەبن چەند پێشمەرگەیەکیان لە گەڵ بنێرین، هەم بۆ دەلیلی کردنیان و هەم گەر تووشی پێشمەرگەی پارتی بوون، هاوڕێیانی ئێمە وەڵامیان بدەنەوە. گووتمان باشە کە واتە ئێستا بنوون و سبەی بڕۆن. کاک فایق گووتی ناتوانین و دەبی هەر ئەمشەو بڕۆین، چونکە مەلا مستەفا داوای کردووین کە سبەینێ بچینە لای. ئەگەر نەڕۆین بۆلای ڕەنگە بکەونە شک و ئەو کاتە بە ئاسان نەتوانین ئاودیو بین. ناچار بەو شەوە چەند پێشمەرگەیەکمان لە گەڵ خستن و گەیاندنیانە ئەو شوێنەی کە خۆیان دەیانویست. زۆری پێ نەچوو پاش چەند ڕۆژێک بە رەحمەت بێ ئیدریس بارزانی ناردی بە شوینمدا. کە چووم بۆ لای دەستی کرد بە گلەیی کردن لەوەی کە ئیمە بە چەک و تەقەمەنی یارمەتی کاک فایق و برادەرانی دەدەین. گووتی ئەم کارانەش کۆسپ و تەگەرە لە نێوان ئیمە و ئیراندا دروست دەکات. ئیران دەزانێ ئەوان لە ناوچەی شۆڕشدان و باوەڕیش ناکات کە ئێمە یارمەتیمان نەداون. منیش پێم گووت کاک ئیدریس حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دۆستی ئێمەن و پەیوەندیمان لەگەڵیاندا هەیە و پێشمەرگەشیان دەنێرنە لای ملازم یوسف مەشقیان پێ دەکات. بەڵام دەربارەی ڕۆیشتنیان بۆ ئێران ئێمە بێ ئاگاین و لەو ڕەوەوە شتێیک نازانین، لێشم پرسی: ئێوە بۆچی هەق بە خۆتان دەدەن لە کوردوستانی ئەمدیو خەباتی چەکدارییی بکەن، بەڵام ئەو هەقە بەوان نادەن لە کوردستانی ئەودیو هەمان جۆرە خەبات بکەن؟ ئیدریس گووتی بۆچی ناڕۆن لە ناوچەی خانەقینەوە جم و جۆڵ و هاتوچۆ بکەن، یان هیچ نەبی لەناوچەی (بەمۆ)وە، بۆ هاتوون لێرەوە کە ئێمەی لێین هاتووچودەکەن؟ گوتم دیارە ئەوان باری ڕێکخراوەییان لە بانە و سەردەشت باشە و هاتوچۆکەیان لێرەوە ئاسانترە، ئەی ئێوە بۆ سەرکردایەتیتان لێرەیەو ناچن لە ناوچەی (بەمۆ) و خانەقینەوە دەست پێبکەن؟ زۆر چووە بەینمانەوە و گوتی ئێوە لەگەڵ ئێمەدان، بۆ بەبێ ئاگاداری ئێمە یارمەتیان دەدەن؟ منیش گووتم کاک ئیدریس ئێمە حزبێکی سەربەخۆین، ئێمە هەموو یارمەتیەکی حزبی دیموکرات دەدەین، بەڵام ئێمە کاک فایقمان نەنارذۆطیووي‌ءێران و ئاگاداری ئەم مەسەلەیە نین. پاشان ئیدریس گووتی کاک مەلا ئەحمەد ئێمە هەموو شتێک دەزانین و یەکێک لەوانەی لەگەڵ فایقدا بووە هاتۆتەوە و ئێستا لای ئێمەیە و هەموو شتێکی بۆ باسکردوین. منیش گووتم ڕەنگە زەلامی وا هەبێ پیاوی ئێران یا عێراق بێ و بیەوی نێوانی ئێمە و ئێوە تێکبدات ئیتر کاک ئیدریس بێ دەنگ بوو. بەڵام ئەو ڕاست بوو، چونکە یەکیک لە هاوڕێکانی کاک فایق کە لە کۆبوونەوەکەی نیوانماندا ئامادە بوو، هاتبووە لای ئەوان (ئەوەی لە یادم بێت ئیدریس ناوی مونتەقیم قازی برد، لە ناوەکەی دڵنیا نیم)، بەڵام یەکێک لە بنەماڵەی قازیان بوو. جێگەی داخە چەند مانگێکی پێ چوو، ڕژێمی شا هێرشێکی دڕندانەی کردە سەر ئەو دەستە چەکدارییانەی حزبی دیموکراتی کوردستان و ئاکام بزووتنەوەکەی کاک فایق و ئەوان لە ڕووی عەسکەرییەوە تێک شکا. دوای ئەوە شەوێکیان کاک فایق و کاک حەمەدەمین سراجی گەیشتنە بارەگای هەرێم لە دەرگەڵە بۆ ئەوەی دەربازیان بکەین و بیانگەیەنینە ناو شار. چەند ڕۆژێک لە لای خۆمان بە نەهێنی هێڵامانەوە تا ناردمان لە سلێمانی سەرو ناسنامەیان بۆ دروستکردن و لە ڕێگەی هاوڕێیانی هەندەرێنەوە گەیاندنمانە ڕەواندوز و هاوڕێ جەلال دەباغیان لە گەڵ ڕۆیشت تا گەیاندنیە سلێمانی و لە ماڵی هاوڕێیەکی خۆمان داینان. دوای ماوەیەک بیستمان کە کاک فایق لە کاک حەمەدەمین جیابۆتەوە و شوێنی خۆی گواستۆتەوە و پەیوەندی لە گەڵ قالە

تەگەرانیدا پیداکردووە. من بۆ کاروباری حزبی چوومە سلێمانی و ناردم بە شوین کاک فایقدا، پێم گووت کاک فایق ئێمە بۆ هەموو شتێک لە خزمەتداین، حەز ناکەین پەیوەندیت لە گەڵ قالە تەگەرانیدا هەبێت، چونکە قالە گەرچی پەیوەندی لەگەڵ سرۆک بارزانیدا هەیە و بە ناو یەکێکە لە لێپرسراوانی ناو شاری پێشمەرگەی پارتی، بەڵام قالە هەم پیاوی ئیستخباراتی عێراقە و هەم پەیوەندی بە ئیستخباراتی ئێرانەوە هەیە. بۆیە تکات لێ دەکەین پەیوەندی خۆت بەو کابرایەوە ببرە! پارە و چەکت دەوێ ئێمە ئامادەین، دەتەوی چاپکراوەکانتان بگەنە ئەودیو ئێمە بۆتان دەنێرین. کاک حەمەدەمین سراجی لەگەڵ ئێمەدا یەک هەڵوێستی هەبوو ئەویش لەو پەیوەندییەی کاک فایق بە قالەوە رازی نەبوو.
کاک فایق پێی گووتم، قالە هەرچییەک بی لەگەڵ من خراپە ناکات، ئێوە لەم رووەوە مەترسن. بەڵام زۆری نەبرد بیستمان کە قالە تەگەرانی کاک فایقی بردووە گوایە ئاودیوی ئێرانی بکات، بەڵام لە نزیک گوندی سیتەک تەسلیمی دکتۆر صدیقی کردووە کە لێپرساوی ناوچەی پارتی بوو، ئاکامەکەش ئەوە بوو کە شەهیدیان کرد و تەسلیمی ئێرانیان کرد. هەر لەو دەمەدا بوو (پارتی) کەوتبووە گیانی ئەو کادر و تیکۆشەرانەی حزبی دیموکرات کە لە کوردستانی دیوی عێراق بوون. لەوانە:
*کاک سەعید کوێستانی کە ئێمە دەربامان کرد و ئاودیوی کوردستانمان
کرد بۆ ئەوەی کارو باری حزبی بکات
*کاک مەلا محەمەدی خدری کە هاورێیانی ئێمە بە زەحمەت لە دەستی کادرەکانی (پارتی) دەربازیان کرد و بە سەلامەتی گەیاندمانە سلێمانی. ( لە ساڵی 1979 دوای شۆڕشی ئێران لە سابلاخ چەند کەسێک لە دوکانی غەفوری مەنسوری دانیشتبووین باسی کوردستانی عێراقمان دەکرد، مەلا محەمەدی خدریش لەوێ بوو، نەختێک سەیری منی کردو گوتی: تۆ کوردی ئەو دیوی؟ گووتم: بەڵێ .. ئەمجار گووتی تۆ لەدەرگەڵە نەبوویت ؟ گووتم بەڵی .. گووتی : واتە تۆ فلانە کەسیت ؟ گووتم بەڵی ئەوم .. ئیتر دەستی کردە ملم و گووتی من قەرزاری ئەم پیاوە و حزبەکەی ئەوم .. ئەمانە منیان ڕزگار کردو گەیاندمیانە ئەو شوێنەی بە دڵنیایی بتوانم بژیم هەرچیەک بۆ ئەمان بکەین ناتوانین پاداشتیان بدەینەوە ).

پێویست بە دوپاتکردنەوە نیە، بەڵام مێژوی کورد خۆ بەخت کردن و شۆڕش و سەرهەڵدان و تەنانەت خەیانەتیشی تێدا بووە و دوا ڕۆژی مێژوی کورد پێویستی بە زانین و تێگەیشتنی ئەم بوارانە هەیە، هەتاکو ڕۆڵەکانی دوا ڕۆژ بتوانن بە شێوەیەکی زانستی و شەفاف ئەم بوارانە و یا خود ئەم قۆناخ و تێکهەلچوونانە لە مێژوی خۆی دا بخوێنێتەوە و لەم هەستان و تێکچونانەدا مێژویەکی خاوێن و دوا ڕۆژێکی سەرکەوتو و سەر بڵیند بۆ خۆی و نەتەوەکەی سەقامگیر بکات. و لەم هەڵە و بۆچونانە دەرس وەربگرێت و دووپاتیان نەکاتەوە. هەتا ئەو گۆشانەی مێژوش نەخرێنە بەر ڕوناکی زانستی و بە بەرهەمی باش و خراپییەوە لێکدانەوەیان لەسەر نەکرێت و شێوەی ئوپۆرتۆنیزمی سیاسی سێبەری خۆی بەسەر مێژو دا بگرێت، هیچ کات پێشکەوتوویی و خۆناسین نابێتە مادیەتێک و، ئەگەر مرۆڤیش لە ناو جڤاتێک دا ئاگاداری مێژوی خۆی نەبێت و لە خۆی و لە مێژووی بێگانە بێت، ناتوانێ بە فەلسەفەیەکی نەتەوەیی مێژوی ڕاستەقینەی خۆی بە ئیرادەیەکی سەربەست بگەیەنێتە ئەنجام . بەشی نەتەوەیەکی بێ ئیرادە و بێ فەلسەفەی نەتەوەیی، کۆیلەتی و ژێردەستیە کە هەتاکو ئەم ڕەوشەی تێدا بێت، ئێمەی کورد کێشەی لە گەڵ دەکەین و لە تێکۆشان داین بۆ تێکشکانی ئەم نەخۆشییەی ناو کۆمەڵگا دا. هیوادارم مرۆڤی تێگەیشتوی ئێمە بە زۆرینەیەوە بگاتە قەناعەتێک کە ئێمەی کوردیش مافی خۆمانە چارەنوسی خۆمان بە دەستی خۆمان بنوسین، ئەو کات لەگەڵ فەلسەفەیەکی نەتەوەیی ئەم تراژیدیانە بەسەر ئەم نەتەوە چەوساوەیە دا هاتوە و چەسپاندراوە، دوری لێ بکرێت و بە یەکگرتویەکی پتەو پێشیان لێ بگیردرێت و ژیانێکی سەربەست و ئازاد بۆ ئەم نەتەوەیە کە بە سەدان ساڵە لە کۆیلەتی دا دەژی، سەقامگیر بکات و بۆ بوژانەوە و پێشکەوتوویی وڵات هەنگاو هەڵێنرێتەوە و یەکسانی و برایەتی و ئیرادەی گەلان ببێتە ڕاستییەکی نەشاردراوە.
لە کۆتایی ئەم نوسراوەدا هەندێک لە نوسین و نامەی کاک سولەیمان دەخەمە بەر چاوی خوێنەران.

نامەی کاک سولەیمانی موعینی 12/5/1967

**هاوڕی تێکۆشەر و لە مێژینەم کاکە شیروان!**

لە پاش سڵاوێکی هاوڕییانە و بە تین خەبەرم وەرگرت کە تەشریفتان لە سەر لێگێڕانەوە و پێشنیاری من لە لایەن هاوڕییانی ە.ا.ح.ت ئیران هاتوون بۆ بەغدا بەڵام بەداخەوە ماوەی مانەوەتان کەم بوو ئیستا هەر جۆریک بێ هەلکەوتی سیاسی ئیران وا دەخوازی کە بە هەر جۆریک بی دریژە بە مانەوەتان بدەن یا زووتر بە ڕێگا و جۆرێکیتر بگەڕینەوە حەتمەن چاوت بە من بکەوێت کە مەسائیلی کوردستان و ئیران بە تایبەتی تاران زۆرە کە دەبێ بڕیاری نیهائی بۆ بدەین ،ئیستا کە وەزعی حیزب لە چەنگی حیزب!! هاتۆتە دەر و ڕێگامان لێ داخستوە، هەروەها وزعمان لە سەر یەک لە سەرەوە نارێکو پێکە و تاقمێک دەخوازن سەر لە نوێ کلکی کێشراوی حیزب!! بە چرێش بۆی تێک خەنەوە، ئەو هەموە فیداکاری و هەتا قوربانی دانی ئیمە بێ بەرهەم بهێلنەوە بە سرنج دانە سەر ئەو وەزعە ناوخۆییە حیزب، پێویستە چاومان لەو سنورانە پێک بکەوی، هەر کات توانیت داخلی کوردستان بی دەتوانی بێیت بۆ لای سونی لای برایان ئەوانیش دەتوانن بە زووترین کات لە من بگێڕنەوە بێم بۆ لات بۆ ئەو مەبەستە من زوو زوو پەیوەندیان لەگەڵ دەگرم تا وەزعی تۆم بۆ روون دەبێتەوە. من لە دەورو بەری حدود دەمێنمەوە چاوەڕوانی وڵامت دەکەمەوە، دڵنیا بە وەزع بە مراد دەچێتە پێش، برایەتی قەدیم قایمتر زیندوو دەکەینەوە. بۆ هەمو لایەک تۆ پێویست بوو پەیوەندیت لە گەڵ من بە هۆی برایانی فەرعی عیراق گرتبا نەک بەو شێوەیەی کە بە تەواوی ئاشکرا بێ هەمو جۆرە ئەشخاسی بێ بەند و باوەر و ئۆپۆرتۆنیست هەستیان پێ کردبا یا نامەیان کەوتبا دەست وەک ئەمیری قازی کە نوێنەری حیزبە!! "ا.ت" و جەناحی راستی ح.د.ک تەقویەت دەکا و بەڕێوەی دەبا لە وەی بەولاوە تکایە پێوەندی لە ڕێگای فەرع یا کاک سراجی ئاگادار بێ و بەس، ئەگەر پێویستی بە هاوڕییان کرد بۆتان دیاری دەکرێت لە عیراق سەربەرزیتان ئاواتمانە برات سولەیمان
12/5/1967

**نوسراوەی کاک سولەیمان مانگی ڕەشەمەی 1346 هەتاوی**
**پۆڵا دەشکی بەڵام ناچەمی**

خەباتی پڕ لە کۆسپ و تەگەرەی گەلانی ئیران بەناو گۆمی پڕ خوین و سامناکدا بەرەو پیش دەڕوا. کۆششی بەرین بۆپیشخستنی کاروانی ئازادی و دیمۆکراسی ساتیک لە سرەوتن نەکەوتوە.
بیری ئازادی لە ژێرچەنگی دێوی ڕەشی ئیستیبداد و کۆنەپەرەستی مێشک دەکۆڵی و بەرەوئاوات هانی دەدا.
ژیانی نا بەسامان و چەوت و چەویل،کۆمەڵی داوەشاندوە باری هەژاری و چارەرەشی رەنجبەران کە بە هۆی دەسەلاتدارانی "هەیئەتی حاکمە" کە بە سەر خەلکانی ئیراندا سەپاوە بە بەرچاودا دێت و دەچێت.
داو و تەڵەکەی ئیمپریالیزم هەمو ڕۆژێ هەزاران کۆز تیک دەدا و سەدان بیرتیژ و مافخوراو دەخاتە بەند و قەڕازەوە.
وەرگیرکەیی و خۆفرۆشی"حکومەتی شا" بە دوژمنی بەشەریەت یانی درندەی بەدفەڕی ئەمریکا،ڕۆژ بە ڕۆژ شوینەواری مالویرانکەرانەی زیاتر دەردەخا.
جیاوازی چینایەتی و ژیانی برسیەتی و نەخۆشی و بێکاری مەودای بەرین بۆتەوە.
بەناو ناتۆری سەیر سەیر لە پێشەوە چۆمی بەرهەمی نەتەوایەتی و ڕەنجکێشان بەرگری خۆی لە نیو شەپۆلی پڕ تەوژمی ئەو شێوە ژیانە لە ناو خەباتی ژیان و مردن دا لە نێوان بەشخوراوان و داگیرکەراندا حەولیکی بەرچاو دەبیندریت کە بێ شک هەمو خەباتکار و تێکۆشەرێک دەخاتە سەر ئەو باوەرە زانستیانە کە بە بی یەکیەتی و خۆلێک بەستنی هەمولایە بە شێوەیەکی ڕیک و پێک لە قالبێکی بزوتنەوەیەکی گشتی دا نەبی چاری ئەو بارە نالەبارە ناکرێت.
دۆژمن دەمێکە سینگی لی بڕیوینە وە ڕیگای مەیدانداری لێ گرتوین.هەڵویستی توند و تیژ سەرکوتانی حکومەتی فاشیستی تاران لە ڕۆژی کۆدەتای خاینانەی 28 مورداد تا بە ئەوڕۆ بە بی پسانەوە و پشودان

به هۆی گرتن و ئازار و تیرەباران و هەزاران فرت و فێلی سیاسی بە ئامۆژگاری ئەمپریالیزمی ئەمریکا کردویە و دەیکا،دیسان هەمو کوڕ و کۆمەڵێک دەخاتە سەر ئەو باوەڕەزانایانە کە بە شێوەی چۆکدادان و بێ دەنگی هیچ گۆیەک لە مەیدان ناچێتەدەر، دەبی لە تیئۆری و زانستی هەمو چەشنە خەبات پەیرەوی بکریت،لە هەمو سوچ و کەلێن و قوژبنێک سەرلە دوژمن بشێوێندری و بنکۆل بکردرێت. بە باوی بنەڕەتی و ڕاستی "مەشروتیەت" لە گەڵ دوژمن بدوێن.لەو لاشەوە چاوگێڕانێک بە سەر ڕابردوی گەلانی دیل و ژێر چەپۆک و تێبینی بیر کردنەوە لە سەر جوڵانەوەکانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەڵاچۆ کردنی خێرای ئەمپریالیزم و کۆنەپەرەستی ئیمە بە سەر ئەو ڕاستیە دادەخا کە دەستو بردمان سەرکەوتنی تێدایە و دەستەو ئەژنۆ دانیشتن و خۆ بە قەزا و قەدەر سپاردن نە تەنیا ڕۆژ بە ڕۆژ دوژمن بە هێزتر دەکا بەلکو مێژویەکی ڕەش و سەرشۆڕانە پێک دێنێ.
قوڵتر لە هەموی ئەوانە لە ناوجەرگەی ئەمپریالیزم سینگی ئازادی دادەکوتری و گەلێکی چووک لە بەرامبەر هەژدیهای حەوت سەری ئەمریکا لە ویتنامی قارەمان قوت کردۆتەوە،ئەوچۆکی بە ئیستعماری فەرانسە دادا، ئیمپریالیزمی ئەمریکاش توشی چارەنوسێکی زۆر لەوە شومتر دەکا.
ئیمرۆ لە ئیراندا کە ئیمپریالیزمی ئەمریکا بە هۆی حکومەتی چڵکاوخۆری شا دەوری ئاغایەتی دەگێڕێ و ماوەی هیچ پشودانیکیان بۆ کەس نەهێشتۆتەوە و هەمو تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی خستۆتە سەر ئەو باوەرە کە هەمو خەلکەکانی ئیران و کوڕ و کۆمەلێک دەبێلە بەرەیەکی دژی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرەستی یەک بگرن بە خۆ ئاراستە کردن و هاتنە مەیدانەوە لە دوژمن بدرێت.هەر ئەو ئاوات و بەرژەوەندەیە کە بیری تیژی تێکۆشەرانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستان بن کۆل دەکا تا دیواریکی پۆلایین لە بەر هەلست و فیداکاری پێک بینن و بە کردەوە بە دوژمن بسەلمێندرێ کە بە پێچەوانەی ئەو بیر و باوەڕە ژاراوی و ئازار و ئەشکەنجەیە دەتواندری گرینگترین بەرهەلست و پایداری پێک بێ.
هاوڕی مەلا مەحمود ئەحمەدزادە"زەنگەنە"لەو رووکارەکەشانەی ڕۆژ بوو کە لە دەمێکەوە چەکی بەدەستەوە گرتبو و خەڵاتی مردمی لە بەر خۆ کردبوو مەیدانی لە دوژمن تەنی بوو هێچ کات و ساتێک هەدادانی نەبو و خەو و خۆراکی لە خۆ حەرام کردبو شەو و ڕۆژ لە پیلانی سەرکەوتن بە سەر دوژمن دابوو لە تەواوی ئەو شەڕانەی کە تییدا بەشداربوە ئەستێرەیەکی گەش و ڕووناک بوو لە ریزی تێکبزێوی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئیراندا.
سیاسەتی چەوسانەوەی گەل و زۆر لێکردن و پێ دادان و ڕاونان و ئیمان بەرەت و ڕێگای زانایانەی حیزبەکەی کرد بۆیە قەڵایەکی نەروخ و ڕاوەستاو کە لە کاتی شەڕدا بەرەنگار بوون لە گەل دوژمنی بە گۆڤەند و داوەت دەزانی.
لە ناو هەڤالە پێشمەرگەکانیدا قاوە کە لەو شەڕانەی کە بە گژ پێشمەرگە فیداکارو دلسۆزەکاندا هاتوە کاک مەلا مەحمود وریاتر و نەبەزانە سنگی کردوتە قەلغان،چاوی نەترساوە ئامبازی دوژمن بوە و ڕاوی ناوە.
داخی گرانمان تیری ئەجەل و گوشەی وێڵ لە ڕۆژیجومعە 21 ڕەزبەری 1346 هەتاوی کاتژمێری 8ی سەر لە بەیانی لە شەڕیکدا بەرابەری کاک مەلا مەحمود و چەندهەڤالە پێشمەرگەیەک لە گەڵ هێزی تاڵانبەری ژاندارم لە سەر جادەی بەیرەم لە چەند کیلۆمیتری شاری قارەمانی مهاباد ڕویدا بوو بە کۆچی قوربانی گەلە بەشەڕەفەکەی و بەو سویند و پەیمانەی کە دابوی وەفادارما و بە پەروشەوە ئاواتی سەرکەوتنی بردە ژێر گڵ.
تەرمی قارەمانی کورد ئەو جوستە لە کاردەرهاتوە کە لە ژێر باری بەفرو باران بەستەلۆک و هەڵدێر لە ژێر پالەو پەستۆی باڕن و کرێوە و ڕنوو گێژەوی تەرزەی کوێستانانی بە سەر شاخ و زەردوماهی چیابەرزەکانی کوردستان دا لێک هالا و تەنرابوو بە راستی دیمەنێکی دوژمن بەزێنی پەیدا کردبو و لە پشتی ماشێنێکی ئەرتەشی قایم کراو ماوەی 3 ڕۆژان بۆ تۆقاندنی خەلکی بە شەرەفی کورد بە شاری سابلاغ و خانێ و نەغەدە دا گێڕایان و سەروانێک بە قەولی خۆیان ووتاری خەلک ترساندنی بڵاو دەکردەوە و دادپەروەری شاهانە ! و دۆستایەتی ئاریامیهری بە گەلی کورد نێشان دەدا بەو خۆنیشان دانە مەزنە ، ئەوەی بیردەخستنەوە کە هەتا حکومەتی شای ئاریاقهر ژیانی شاخ و کێویش بە کەس ڕەوا

نابینێ کە خەڵکی کورد ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و ویژدانی گەلەکەیان ژیانی چۆل پەرەستی دور لە ئاوەدانیان هەلبژاردوە ،شورەیەکی پۆلاینیان لە بەرهەلست پێکەوە ناوە و لەشکریان دەباتە سەر و تەرمی بێ گیانیان بە بەر چاوی زیندواندا دەگێرێ .

سالی 1346 بەرامبەری 1967 زاینی لە میژوی حیزبی دیموکراتی کوردستاندا سالی راپەرین و بەرهەڵست لە دژی ئەمپریالیزم و ئیستبداد و دیکتاتۆریەتە.ساڵیکە کە ناوی زۆر شەهیدمان چونە مێژوی کورد و کوردستانەوە کە پێویستە ناوی شەهیدانی ئەو ساڵمان بلاوبکەینەوە.

برایمە سور محەمەد دەلاوەیی خەڵکی ناوچەی خانی لەو پێشمەرگە نەترس و نەبەزانە بوو کە لە شەری هەندرین لە جبهەی ئاکۆیان ناوبانگی دەرکرد و باشترین فیداکاری نواند، لە بەهاری ئەو سالدا لە شەریکی کە پشتی خانی دەستی پیکرد و لەشکری پێنجەمی خانی بە تۆپەوە چوە سەر پێنج پێشمەرگە،و دەرفەتی نەهێنا و چەند جاران ئۆردوی شایانەیان سەروەژێر کردەوە و بە چەشنێکی لە گیآنبردوانە لە گەمارۆی ئەو هێزە بێ هێزە هاتنە دەر و پەنایان بۆ گوندی ئالانە برد ،بە رییزی رەشاشی کۆنە پۆلیسیک تەرمی ئەو قارەمانە بێ وێنەیە لە خویندا شتل بوو سەر لە نوی لەشی بێ گیانیان گەراندەوە شاری خانێ و نمایشیان پێ دا و هاوری بریندار و بەردەست کراوەکانی خرانە بەر ئازار ئەشکەنجە.

لە هەوەڵی هاوینی ئەو ساڵدا لە پەلاماریکی کە هێزی رەشی شایانە هێنایە سەر گوندی دۆلەنی لە ناوچەی پیرانان، لە شەریکدا لە نێوان پێشمەرگە و ئەو هێزە پێک هات هاوری محەمەد دەروێش ئەحمەد تاژاندەرەی شنۆیە کە یەکیک لەو پێشمەرگە بە بیر و باوەرەی حیزبمان بو و لە شەری هەندرێن لە جبهەی ئاکۆیان قارەمانەتی خۆی سور کردبو،لە نازئاوا شوێنی شەر شەهید کرا،ئەو ئازایەتیەی لە شەری هەندرێن نواندی توانی لە مەلبەندی خۆیدا دەری بخا.

عەبدوللا گروی خەلکی داوداوی هەڵکەوتو و چاوسوری ناوچەی سویسنایەتی کە بە تێکۆشانی بێ باکانەی نمونەی فیداکاری بوو لە ناو دڵ و هەناوی جوتیارانی کوردستان کە بە خوێنی دڵ پەروەردەیان کردبوو پێشکێشی حیزبیان کردبوو، لە بۆسەیەکدا کە لە نزیک پاسگای دۆڵەتوی بە یارمەتی جاسوسان نابویانەوە تەنیا وەگیریان خستبو شەهید کرا.

بیر و ئازایەتی و لەخۆبوردویی کاک وەسمان خەلکی قروجەی لاجان زەحمەتە لەبیرمان بچیتەوە کە بە حیزفرسەتی گوردانی ئالوەتان لە پشتی ئاوەدانی کاولانە ناوچەی مەنگوران شەهید کرا.

ژیانی خۆئاسایی لە ئیراندا هیچ مانا و ناوەرۆکیکی نەماوە،حکومەتی دار و ئەشکەنجە هەوای ئیرانی ژاراوی کردوە و پشوی لە تێکۆشەران بریوە،ئەو خەباتکارانە ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و ئینسانیەت پر بدەنە چەک، پەنا بۆ لێرەوار و شاخ ئەشکەوت بەرن و بە ژیانی چەرمەسەری دەرد و ناسۆر رازی بن، بەڵام حکومەتی دابەستراوی ئیران دەیەوی ئەو چەشنە ژیانەش ژێرپێ خا و بە هوروژمو کوشتن و بررین ئەو دەنگەش خاپور کا، بەڵام خەیالی خاوە، نازانی ئەو بریار و خۆ لێک بەستنە بەرهەمی زۆر و زۆرداری خۆیەتی بە هەمو هێزی شەیتانی خۆی توانای بی دەنگ کردن و زاڵ بونی نیە لە سەر ئەو باوەرەین کە بەرهەمی ئەو سیاسەتە توند و تیژە قین و کوڵ و کۆی گەل هەلدەستێنێ و هەمو گەلانی ئیران لە سەر ئەو ئامانجە بەرەیەکی دژی ئەمپەریالیستی و کۆنەپەرەستی پێک دێنن و شان بە شانی یەک بۆ دیمۆکراسی لە ئیراندا تێدەکۆشن و بە دەنگێک رادەبن کە ئەو دەنگە دەنگی گەلانی ئازادی ئیرانە.

لە کۆتایی دا رودەکەینە ئەو شەهیدانە و دەڵیین هاورییان بە مەرگتان بیرتان لە ناو گەلتان تەنیوەتەوە و گۆری بەجیماوتان هێزی دڵ و سۆمای جاومانە و باشترین بەڵگەیە کە قەباڵەی کوردەواری پی مۆر کراوە.

پێشمەرگە و هاورییانی مەلا مەحمود و شەهیدان کە لە پۆلا رەقتر و سەر سەختترن پەیاممان داوە ریکتر و بە ئیمانتر هەر بەو رێگا پان و بەرینەدا برۆن کە شەهیدانمان کوتاویانە هەتا سەرکەوتنی دوایی.

مانگی رەشەمەی 1346 هەتاوی

پۆلا دەشکێ بەڵام ناچەمێ

خەباتی پڕ لە کوسپ و تەگەرەی گەلانی ئێران بە ناو گۆمی پڕ خوێن و سامناکدا بەرەو پێش دەڕوا. کۆششی بەرین بۆ پێش خستنی کاروانی ئازادی و دیموکراسی ساتێک لە سرەوتن نەکەوتوە.

بیری ئازادی لە ژێر چەپۆکی دێوی ڕەشی استبداد وکۆنەپەرستی مشتێک دەگوڵێ و بەرەو ئاوات هاڵ دەدا

ژیانی نابەسامان و چەوت و چەوێڵی کۆمەڵی داوەشاندوە و باری هەژاری و چارەڕەشی ڕەنجبەران کە بەهۆی دەسەڵاتداری «هێنەتی حاکمە» کە بەسەر خەڵکەکانی ئێراندا سەپاوە بە بەرچاو دادێت و دەچێت.

داو و تەڵەکەی ئەمپریالیزم هەموو ڕۆژی هەزاران گۆڕ تێک دەدا و سەدان بیرتیژ و مافخوراو دەخاتە بەند و قەرازەوە.

وەرگێڕلەپێ و خۆفرۆشی حکومەتی شا. بە دوژمنی بەشەریەت یانی درندەی بەدنەوی ئەمریکا ڕۆژ بە ڕۆژ شوێنەواری ماڵ وێرانکەرانەی زیاتر دەردەخا.

جیاوازی چینایەتی و ژیانی برسێتی و نەخۆشی و بێکاری مەودای بەرین بوتەوە.

بە ناو ئاتۆری سەیر سەیر لە پێشەوە چۆن بەرگی نەتەوایەتی و ڕەنجکێشان بەرگر...

لە نێو شەپۆلی پڕ تەوەژمی ئەو شێوە ژیانە لە ناو خەباتی ژیان و مردن دا بەچکۆلان و داگیرکەراندا چەولیکی بەرچاو دەبیندرێت کە بێ شەڵ هەموو خەبات ذکار و تێکۆشەر دەخاتە سەر ئەو باوەڕە زانانانە کە بەبێ یەکیەتی و خولێک بەستنی هەمولایە بەشێوەیەکی ڕێک و پێک لە تاڵیکی بزوتنەوەیەکی گشتی دانەبێ چارەسەری ئەو بارە ناڵەبارە ناکرێت.

دوژمن دەمێکە سینگی لێ بڕیوینەوە ڕێگای مەیدان داری لێ گرتوین. هەوڵەستی توندوتیژ سەرکوتانی حکومەتی فاشیستی تاران لە ڕۆژی کودەتای خائینانەی ٢٨ مرداد تا بە ئەورو بەجێ پێشانەوە و لێشوەدان بەهۆی گرتن و ئازار و تیرباران و هەزاران فرت و فێلی سیاسی بە ئامۆژگاری ئەمپریالیزمی ئەمریکا کردویە و دەیکا دەیان هەموو کۆڕ و کۆمەڵێک دەخاتە سەر ئەو باوەڕە زانانانە کە بەشێوەی چۆکدادان و بێ دەنگی هیچ کۆڕێک لە مەیدان ناچێتە دەر دەبێ لە تەشکیلی خەباتی چەکداراندا بەرەوی بگرێت لە هەموو چ و کەلین و قوژبنێک سەر لە دوژمن بشێوێندرێ و بنکۆل بکرێت. بە باوەڕی ئەمەی ڕاستی پێشڕەوتیەت» لەگەڵ دوژمن بدوێ

لەولاشەوە چاوگێڕانێک بە سەر ڕابردوی گەلانی دیل و ژێر چەپۆک و تێبینی بیرکردنەوە لە سەرهەڵدانەوەکانی ئازادیخوازانەی گەلانی ئاسیا و ئەفریقا و ئەمریکای لاتین بۆ قەلاچۆکردنی خێرای ئەمپریالیزم و کۆنەپەرستی ئێمە بە سەر ئەو ڕاستیە دادەخا کە دەستوبردیمان سەرکەوتن تێدایە و دەستەو ئەژنۆ دانیشتن و خۆ بە قەزاوقەدەر سپاردن نەتەنیا ڕۆژ بە ڕۆژ دوژمن بەهێزتر دەکا بەڵکو مێژوویی ڕەش و سەرشۆڕانەیەک دێنێ.

قوڵتر لە هەموی ئەوانە لە ناوچەرگەی ئەمپریالیزم سینگی ئازادی دادەکوتراو گەلیکی چەروک لە بەرامبەر هەژدیهای حەوت سەری ئەمریکا لە ویتنامی تارەمان قووت کردوتەوە.

نەوەکەی بە ئیستعماری فەڕانسە. دادا ئەمپریالیزمی ئەمریکاش توسنی چارەنوسێکی زۆر لەوە شومتر دەکا.

ئەمڕۆ لە ئێراندا کە ئەمپریالیزمی ئەمریکا بە هۆی حکومەتی چڵکاوخۆری شادەوری ئاغایە دەگێڕێ و ماوەی هیچ لێشاوی دانیلیان بۆ کەس نەهێشتوتەوە هەمو تێکۆشەرێکی ئازادیخوازی خستوتە سەر ئەو باوەڕە کە هەمو خەڵکەکانی ئێران و کورد کۆمەڵێک دەبێ لە بەرەیەکی زیدی ئەمپریالیستی و کۆنەپەرستی یەک بگرن و بە خۆیان ڕاستە کردن و هاتنە مەیدانەوە لە دوژمن بدرێت.

هەر ئەو ئاواتە و بەو ئەوەندە یە کە بیری تیژی تێکۆشەرانی حزبی دێموکراتی کوردستان بنکول دەکا تا دیوارێکی پۆلایین لە بەرهەڵست و فیداکاری پێکبێنن و بە کردەوە بە دوژمن بسەلمینن کە بە پێچەوانەی ئەو بیروباوەڕە ئازاری و ئازار و ئەشکەنجە یە دەتوانن گرنگترین بەرهەڵست و پایداری پێک بێ.

هاوڕێ مەلا محمود احمدزادە "زەنگەنە" لەو ڕووکارە کە شانەی ڕوژبوو لە دەمێکەوە جێگی بە دەستەوە گرتبوو و خەڵاتی مردنی لە بەرخو کردبوو و مەیدانی لە دوژمن تەنی بوو هیچ کات و ساتێک هەدادانی نەبو خە و خۆراکی لە خۆجە حەرام کردبو شەو و ڕۆژ لە پیلانی ... بە سەر دوژمن دابوو لە تەواوی ئەو شەڕانەی کە تێدا بەشدار بوو، ... ستێرەیەکی گەش و ڕووناک بوو لە ریزی تێکبەزێوی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستانی ئێراندا.

سیاسەتی جیوسانەوەی گەل و فزوولی کردن و پێ دادان و ڕاونان و ئێمان بە ڕەوت و ڕێگای زانایانەی حزبەکەی کردبویە قەڵایەکی نەڕوخاو و ڕاوەستاو کە لە کاتی شەڕدا بەرەنگار بوون لەگەڵ دوژمنی بە گوڕەند و داوەت دەزانی.

لە ئاواتی پێشمەرگەکانیدا تاوە لەو شەڕانەی کە بەگژ پێشمەرگە فیداکار و دڵسۆزەکانیدا هاتوە کاک مەلا محمود وریاتر و نەبەزانە سەنگەری کردوتە قەڵغان چاوی نەترساوە ئامبازی دوژمن دەبە و ڕادی ناوە.

داخی گرانمان تیری ئەجەل و گوللەی وێل لە ڕۆژی جومعە ٢١ ی ڕەزبەری ١٣٤٦ ی هەتاوی سەعاتی ٨ سەر لە بەیانی لە شەڕێکدا بەرابەری کاک مەلا محمود چەند پێشمەرگەیەک لەگەڵ هێزی تالانبەری ژاندارم لە سەر جادەی بەرەم لە چەند کیلۆمەتری شاری قارەمانی مهاباد ڕووی دا بوو بە کۆچی قوربانی گەلە بە شەرەفەکەی و بە وسوێند و پەیمانەی کە دابوی وەفادار ما بە بەرووشەوە ئاواتی سەرکەوتنی بردە ژێر گڵ.

تەرمی قارەمانی کورد ئەو جۆرە لە کاردە ڕهاتوە کە لە ژێر باری بە فرو باران و بەستەلوک و هەڵدێر لە ژێر پاڵە و بەستوی بارن و کرێوە و رنو و گێژەوی تەرزەی کوێستانان بە سەرشاخ و نەرد و ماهی چیا بە رزەکانی کوردستاندا لێک هالاو و تەزابوو بە ڕاستی دیمەنێکی دوژمن بەزێنی پەیدا کردبو لە پێشی ماشینێکی ئەرتەشی قایم کرا ماوەی ٣ ڕوژان بو تۆقاندنی خەڵکی بەڵا شەرەفی کورد بە شاری سابلاغ و خانی و نەغەدە داگێڕایان و سەروانێک بە قەولی خۆیان وتاری خەڵکی ترسانێ بڵاو دە کردەوە و داد پەروەری شاهانە! و دۆستایەتی ئاریامیهری بۆ کەلی کورد نیشان دەدا بەوەونیشان دانە مەزنەی بەڵێ ئەوەی بیر دەبیستەوە کە هەتا حکومەتی شای ئاریا قەدر ژیانی شاخ و کێوشی بە کەس ڕەوا نابینێ کە خەڵکی کورد ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و وژدانی گەلەکەیان ژیانی چۆل پەرستی دوور لە ئاوەدانی هەڵبژاردوە شۆرەیەکی پۆلاینیان لە بەرهەڵست بێکەوە ناوە لە شکریان دە باتە سەر و تەرمی بێ گیانیان بە بەرچاوی زیندواندا دەگێڕێ.

سالی ١٣٤٦ بەرامبەری ١٩٦٧ زاینی لە مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستاندا سالی راپەڕین وبەرەنگاری دژی ئیمپریالیزم واستبداد و دکتاتوریەت

ساڵێکە کە ناوی زۆر شەهیدمان چوونە مێژووی کورد و کوردستانەوە کە پێویستە ناوی شەهیدانی ئەو ساڵەمان بڵاو بکەینەوە

برایم سوور محمد دەلاوەڵی خەڵکی ناوچەی خانی لەوی شیمەرگە نە ترس و نە بەزانە بوو کە لە شەڕی هەندرین لە جبهەی ئاکۆیان ناو بانگی دەرکرد و باشترین فیداکاری نواند لە بەهاری پێنج پێشمەرگە و دەرفەتی نەهێنا و هەم چەندجاران هوردووی شایانەیان سەرەو ژێر کردەوە بە پەشێوکی لەگیان بردوانە لە گوماروی ئەو لهێزە بێ هێزە هاتنە دەر پەنایان بۆ گوندی ئالانە بردبەریزی رەشاشی کۆنەپەرستیک و پۆلیسێکی بێ تەرمی ئەو قارەمانەی وێنەیان خوێنیدا شتلبوو سەرلەنوێ لەشی بێ گیانیان گەراندەوە شاری خانی نمایشیان پێ دا و هاوڕێ بەرینیداو بەردەست کراوەکانی خزانە بەر ئازار و ئەشکنجە.

لە هەوەڵی هاوینی ئەو ساڵدا لە پەلامارێکی کە هێزی رەشی شایانە هێنایە سەر گوندی دوڵەی لە ناوچەی پیرانان لە شەڕێکدا لە نێوان پێشمەرگە و ئەو لهێزە پێکیب هات هاوڕێ محمد درویش احمد ناسراو بە (ئەوی شنۆیە) کە یەکێک لە پێشمەرگە بە بڕوا باوەڕەکی حزبمان بوو و لە شەڕی هەندرین لە جبهەی ئاکۆیان قارەمانەتی خۆی سوور کردبوو لە ئازاو شوێنی شەڕ شەهید کرا ئەو ئازایەتیەی لە شەڕی هەندرین نواندی تووانی لە مەلبەندی خوێدا دەری بخا.

عبداللە گرووی خەڵکی داوداوی وەهەل کە وتووچاو سووری ناوچەی سۆلسینایەکی کە بە تێکۆشانی بێ باکانەی نموونەی فیداکاری بوو لەناو دڵ و هەناوی جوتیارانی کوردستان کە بە خوێنی دڵ پەروەردەیان کرد بوو پێشکێشی حزبیان کردبوو لەبووسەیەکدا کە لە نزیک پاسگای دوڵەتری بەناوی جاسوسان نابووبانەوە تەنیا وەگیریان خستبوو شەهید کرا.

بیری ئازایەتی و لە خۆبوردنی کاڵی وەستمان خەڵکی قروچەی لاجان زەحمەتە لە بیرمان بچێتەوە کە بە هێز فرسەتی هاوگردانی ئالوەتان لە پشتی ئاوەدانی کاولانە ناوچەی منگوران شەهید کرا.

ئەوە تۆمارێکی کە شەلە مێژووی خەباتی خوێناوی گەلەکانی ئێران لە لێک جیانا کرێنەوە.
ژیانی خۆتاشینی لە ئێراندا هیچ مانا و ناوەرۆکێکی نەماوە حکومەتی دار و ئەشکنجە هەوای ئێرانی ژاراوی کردووە لێوی لە تێکۆشەران بڕیوە ئەوەندە باتکارانە ناچارن بۆ پارێزگاری لە شەرەف و ئیشانیەتی پەردەنە هیچ پەنا بو لیوار و شاخ و ئەشکەوت بەرن بە ژیانی چەرمەسەری و دەرد و ناسوور رازین، بەلام [illegible] بەرەنتراوانی ئێران ئەوەشیان دەیەویست ئەوجە شنە ژیانەش ژێر پێ خا بە هەرزم و کوشتن و بڕین ئەو دەنگەش خاپوور کا بەلام خیالی خاوە نازانی ئەوبڕیارە و خوازیاری بەستنە بەرهەمی زۆر و زۆرداری خۆیەتی بە هەمو هێزی شەیتانی خۆی ترانای بێدەنگ کردن و زال بوونی نیە ولەسەرئەو باوەڕەین کە بەرهەمی ئەو سیاسەتە توند و تیژە فتین و کلول و کلۆی گەل هەڵدەستێن و هەموو گەلەکانی ئێران لەسەرئەو ئامانجە بەرەبەرێکی زیدی ئیمپریالیستی و کۆنەپەرستی پێکیب دێن وشان بەشانی یەک بو دیموکراسی لە ئێراندا تێدەکۆشن و بە دەنگێک رادەبن کە ئەو دەنگە دەنگی گەلانی ئازادی ئێرانە.

**نامەی کاک سولەیمان بۆ ئیدریس بارزانی لە 1968/4/15 زایینیدا.**

بەڕێز کاک ئیدریس بارزانی !

پێشەکی سڵاوێکی شۆڕشگێرانە لە هەمو لایەک،ئەوەی سورە و باوک-ت لە ڕابوردوو دا شارەزایە،خەبات و کۆل نەدان و ڕەنج و ئازار و ئەشکەنجە و دەربەدەری و تاڵ و سوێری و شەونخونی و چیاوچۆڵ و ئیمان بە بیر و باوەڕ بە گەل،لە مەیدانی کردەوە بە گەل،لە مەیدانی کردەوەو شۆڕش و کارزاری ژیاندا وای قاڵ کردوم و تواندومیەوە کە لە کوردایەتی و حیزبایەتی دوژمنایەتی ئیمپریالیزم و کۆنەپەرەستی و ناحەز بەولاوە حەز لە هیچ ژیانێکی تر نەکەم و بۆی بە پەرۆش نەبم،لە ماوەی بیست ساڵ خەباتی بێ وچان و زیندان و دەربەدەریم بە تەئسیری خاو و خێزان و برادەرانم ئەوەندەمتوانا پەیدا کرد لە ژیانمدا ئەوەندە دڵی خۆم رازی بکەم دەزگیرانێک پەیدا بکەم.پاش موخالیفەتێکی زۆری داگیرکەری کوردستان بە پەلە گوێستمەوە و بەرهەمی ژیانی تایبەتی کوڕێکم بێ،بەڵام دوژمن ووچانی پێنەدام کەوتمە زیندان.سێ سال ئەو ژنە چاوەڕوانی ئازادی منی کرد.پاش ئازاد بونم ئەو بەرهەمەپێک هات،چاوم پێ نەکەوت دوور خرامەوە پاشان ڕام کرد بۆ کوردستانی عێراق،لە ماوەی دە ساڵ ژن و مێردایەتیدا لە پێناوی بیر و باوەر و ئازادی گەلی کورد تەنیا سێ مانگ چاوی بە من کەوت،منی عەوداڵی کوردستان،تا پار چاوم نە بە خێزان و نە بە مندالم کەوتوە.تازە گەیشتبوە ئیرە، دو مانگ بوو لە ناو جەرگەی دوژمن و داگیرکەر دا خۆی گەیاندبوە وولاتی ئازاد کراووکوردستانی ئازاد کە مێردەکەی دەساڵان هەولی بۆ داوە و بەردی بناغەی بۆ داناوە، زۆر شاد و بەختەوەر بوو،بەڵام کاتێ بیستی برادەری مێردەکەی بە بێ تاوان گیران و هەڵات هەڵاتیان وی کەوت و مێردەکەی ماوەی خواحافیزی نەبوو، بە بێ ئیمکان لە دەریای غەریبایەتیدا کەس ناناسێ بە جێماوە و لە پاشان تاڵان کراوە ،سوکایەتی بە سەر هات، مات و حەیران و کێژ ماوە.تەنیا گریان و قور پێوان ئەیتوانی دڵخۆشی بداتەوە. لەو ووڵاتە کە کەس ناناسێ ڕای کردو هاتە سەنگەسەر و لە وێ بە دەست بەستراوی مایەوە. کاتێک ئیمە جوتیارێکی هەژارمان نارد کە پارەیەکی پێ بگەیەنێ، کاک حەسۆ گرتی و تەحویلی حکومەتی داگیرکەری ئیرانی داوە. ئیستاش کە ئیستایە لە ژێر دار و ئازارداندا شەو و ڕۆژ دەکاتەوە. شەش منداڵ و دایکی پیر و خێزانی برسیەتی هەڕەشەیان لی دەکا. ئەوەی کوردپەروەران فریای نەخەن نیانە بیخۆن. ویستمان لە قەڵادزە بێ هەتا بتوانین پێ ڕابگەین. بە هۆی دۆستانی کوردپەروەر هەوڵماندا بەڵام لە لایەن حەسۆوە هەموو جەریمە کران و پارەیان لێ ئەستینرا. تا ناچار بە هۆی باوەر پێکراوێک وەزعی خۆمان و خاو و خێزانمان هێنا گۆڕێ و لیتان دلنیا بووین. کەسێکمان بە ناوی محەمەد مەنگور بە نەهێنی ڕاسپارد، بەڵام کاک حەسۆ ئەویشی گرت و لە بەندیخانەدا ئەوەندەی ئازار داوە لە پیاوەتی کەوتوە و ئێستاش هەر نەخۆشە و ئەناڵێنی، ناچار سەر لە نوێ پێمان ڕاگەیاندن بەڕێزتان و باوکت وەعدەی تەواوتان دا کە ئەو ژنە ڕزگارە و ئێمە کارمان پێ نەداوە، موافەقەتتان کرد کە ڕای گوێزین، پاش دڵنیایی تەواو کە بە حەسۆ ڕاگەیاندراوە. نامەیەکی دۆستانەم بۆ حەسۆ نووسی و بۆم ڕوون کردەوە کە ئەو ژن و مناڵە یا خۆی بۆم بنێرێت یا تەحویلی ڕاسپاردەی بدات. تکام لێ کرد کە ئەو نامەیە بە نەهێنی بمێنێتەوە و قەزیەکە ئاشکرا نەبێ. لە وولام دا بۆی نوسیبوم تۆ بە قسەی جلە و بلە هەستاوی پیاوی وانی، نامەکەشی لە ڕۆژی جێژندا کە هەموو کەسی سەنگەسەر و پێشمەرگە لە وێ بوون خویندویەتەوە و کابرای ئازار داوە و پاش پشکنین و هەڕەشە کە نەچێتە لای مندالەکانی من بەڕێی کردۆتەوە. هەر وەکی نووسیومە لە پێناوی شەڕەفی نەتەوەکەمدا ژن و مندالم مەبەست نیە هەر ئاوام. بەڵام لە بەر ئەوە کوردی ئێران دەزانێ لە پێناوی کوردایەتیدا ئەو ژنە ڕەنجی داوە و ڕەنج بە خەسار بووە، منیش پێی قەرزدارم، هەر بۆیە لێی ئەپرسمەوە و پێوەی ماندووم. لام وایە هیچ قانون و عورفێکی دواکەوتوانە و عەشیرەتی و یا قانونی زۆردار و داگیرکەریش هێندەی لێی ناپرسێ و پێوەی ماندوو نیە. عەجەبا بۆ ئێوە بۆتە موشکیلەیەک و خەڵکی ئیران و عێراق پێی وابێ کە دەستی بە سەر داگیراوە و بەر دەست و دەست بەسەرە. کوردێکی ئێران و کەس و کارم تواناى نەبێ لەو ژن و منداڵە بەندیە بپرسێتەوە

و ئەوانێش ترس و وەحشەتێکیان لێ بنیشی کە لە داگیرکەر وا نەترسابن و ئەم حاڵە بە مردن و سووکایەتی بزانن.
لەو لایەشەوە حەسۆ میر خان لە بەر ئەوە نەکا ئەو ژن و منداڵە بە شەو ڕا بکەن، ئاڵتون و جل و بەرگی وەک بارمتە لێ بگێڕێتەوە و تەحویلی سەید ڕەسوڵی بدا و چوار دەوری لە جاسوس و خەبەرچین بتەنێ.
ئاخر نابێ بزانین ئێمە چێمان کردوە؟ ئەگەر گۆیا ئێمەش تاوانبارین ئەو ژن و منداڵە غەریب و بێکەسە چیان کردوە؟ من ئەگەر سوچ و خەیانەتێکم لە خۆدا شک بردبا، ئەو ژن و منداڵەم نەدەهێنا و یان ئەگە هێناومن دەرفەتی ئەوەم هەبو بۆ هەر شوێنێکی ئارەزووم هەبا ڕام گوێستبان. ئەوەش هەر دەلیلی ڕاستی و کوردپەروەری ئێمەیە.
برا گیان ئەوەی گوێ بیس بوی لە شوێنی باوەرپێکراوی خۆمان بۆمان هاتوە لە سابڵاغ قاوە گۆیا سازمانی ئەمنیەت هەڵ دەدات کە ئەو ژنە لە دەستی ئێوە وەربگرێ و بە فێڵ بیباتەوە و تۆڵەی ڕابوردووی منیش لەو ژنە خاکسارە بکاتەوە. ئەوە من لە هەموو لایەکەوە ژیانی خێزانم لە مەترسی دایە و هەڕەشە لە وێژدانم ئەکا و پیلانی دوژمن چاوەڕوانیم دەکا. هەر چەندە لە پێناوی ئەڤین بە ڕێگا و خەباتم دا ئەویش هەر شانازییە بۆ من بە دەستی دوژمن نەک کورد!!!
جا من سەردەرناهێنم لەو کارەی کە بۆ ژنێک و دوو منال لە گۆڕی دایە. هەر ئەوەندەم تکا هەیە هەر وەکی ە دوو لاوە وەعدەتان داوە کە ڕزگاری بکەن ئەوە بە قەولی خۆتان وەفا بکەن، نامەیەک بنوسن وڵامم بدەنەوە تا کەسێکی بە دوا دا بنێرم بە بێ دەنگی لە شوێنێکی بێ سەر و سەدا و لە دەستێکی ئەمین دا بێ. حەسۆش ئاگادار بکەن چی تر سیاسەتم لەگەڵ نەکا، کوردانە و مەردانە بێتە پێش. چونکە من حەز ناکەم دڵی کوردپەروەران لە ئێران و عێراق لەوە زیاتر موتەئەسێر بێتو چیرۆکی لی دروست بکەن و دوژمن و نەیار و ناحەز پێی شاد بن. وەک نمونە بە ناوی ئاکارێک بیخەنە ڕو، خۆی پێ گیڤ بدەن و لەو لایەشەوە ویژدانم قبول ناکا بۆ ژنێک چی تر کوردی هەژار بخەمە مەترسی لێدان و تەحویل دانەوە. پاش ناهومید بوون لەو محاوەلەیە و نووسینی ئەو نامەیە ئەگەر وڵامیکی ڕاستم دەست کەوت ئەوا بۆی ئەنێرم، ئەگەر بێ وڵام مامەوە پەیمان ئەدەم واز لەو ژنە بێنم، ئیتر لیی نەپرسمەوە بۆ ئەبەد و چی تر پیوە ماندو نەبم. هەر روداوێک لە ناردنەوە بۆ ئێران و تەسلیم بە دوژمن بە لایەک بەرپرسیاریەتیەکەی ئەخرێتە سەر شانی ئێوە. جا خۆتان و شەرەفی کوردایەتیتان بەرامبەر بە ژن و دوو منداڵی ئێخسیر و بێ تاوان.
لە ئاخریدا ئەبێ ببوری کە هیچ کەسمان شک نەبرد دۆستیکی موتمەئین

و دڵسۆز بێ بەرانبەرتان کە ئەو نامە بە نەهێنی بدا بە ئێوە، ئەو برادەرانە نەبێ کە حەولمان دا و

وەسیلەمان پێکەوەنا. چاوەڕوانی وڵامتان ئەکەم بە حورمەتەوە.

**فایق ئەمین 1968/4/15**